عەبدولڕەقیب یووسف

# پەیدابوون و دروستکردنی چەکی ئاگردار لە کوردستان

بنکەی ژین

سلێمانی ٢٠٠٤

زنجیره: ٢
کتێب: پەیدابوون و دروستکردنی چەکی ئاگردار لە کوردستان
نووسەر: عەبدولڕەقیب یووسف
بەرگ: قادر میرخان
تیراژ: ١٠٠٠
ژمارەی سپاردنی (١٨٩)ی ساڵی ٢٠٠٣ی وەزارەتی ڕۆشنبیریی دراوەتێ

# پێشەکی

خۆزگە هیچ جۆرە چەکێکی کوشتن، تەنانەت بۆ سەربڕینی گیانلەبەرەکانیش، لە جیهاندا دروست نەکرایە. بەڵام بۆ بەدبەختی دروست کراوەو، کار بەوە گەیشتووە دەتوانێ بە یەك ڕۆژ قڕ بخاتە هەموو مرۆڤو لەناوی بەرێ. چەکی ئاگردار کە هێنراوەتە کوردستان، کوردیش، ئەگەرچی زۆرو بە بەربڵاویش نەبووبێ، فێری دروستکردنەوەی بووە. هەندێ وتاری بڵاوکراوە، زۆر بە کەمی، وردە زانیاریی سەبارەت بە چەکی ئاگردار لە کوردستان تێدا تۆمار کراوە. ئەم نامیلکەیە، زانیارییەکی باشو کۆکراوەی لەم بارەیەوە، بە ناوی دەستە وەستاکانی کوردیشەوە، تێدایە. ئەم بەرهەمەم لە ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردووەوە داناوەو، پاشان کەمە زانیارییەکی ترم تێهەڵکێش کردووە. هیوامە وەك لێکۆڵینەوەیەك لە مەیدانی خۆیدا سوودی هەبێو شوێنی پێویستو شیاو بگرێ.

سوپاسی زۆرم بۆ برای مێژوونووس کاك سدیق ساڵح کە ئەم کتێبۆڵکەیەی وەك چەندین کتێبو توێژینەوەو وتاری ترم بۆ پاکنووسو ئامادە کردووم.

**عبدالرقیب یوسف**

١٩/ ٨/ ٢٠٠٣

# پەیدابوون و دروستکردنی چەکی ئاگردار
# لە کوردستاندا

بیروڕای جیاواز سەبارەت بە دۆزینەوەی باروت هەن. هێندێك دەڵێن: چینیەکان دۆزیویانەتەوەو، هەیشن دەڵێن: ئەوروپاییەکان. وەکو بڵاویشە یەکەمین جار ئەوروپاییەکان تۆپ و تفەنگ و دەمانچەیان دروست کردووە. ئەوەی زاندراویشە دەوڵەتی (مرین) ی (بەربەری) پێش ساڵی ٦٧٢ی کۆچی "١٢٧٣-١٢٧٤ی عیسایی" لەشەڕدا لە ولاتی مەغریب چەکێکی ئاگرداری وەك تفەنگیان بەکارهێناوە، ئەویش لە زەمانی سوڵتان ئەبو یووسفی یەعقووبی کوڕی عەبدولحەق دا کە لەو ساڵەدا بۆ داگیرکردنی شاری سەجلماسی (سجلماسە) بەکاری بردووە، وەك مێژوونووسی گەورە ئیبن خەلدوون (بەتەوسەوە) لەمێژوەکەیدا (العبر، وديوان المبتدأ و الخبر، بەرگی حەوتەم، لاپەڕە ١٨٨) باسی کردووە.

بەقسەکەی ئیبن خەلدوندا دەردەکەوێ کە بەر لەو مێژووە ئەوچەکە نەبوە، یا بەکارهێنانی جۆرە چەکی وای نەبیستووە. جا ئیتر نازانین ئاخۆ هەر ئەم دەوڵەتەی بەربەر بووە کە بۆ یەکەمین جار لەمێژوودا چەکی ئاگرداری بەباروت ئیشکردووی دروست کردووە، یان هەر ئەوان سنعاتەکەیان لە ئەروپاییەکان وەرگرتووەو فێری بوون. بێ گومان ئەوسا هێزی ڕۆم، واتە هێزی چەکداری ئەورووپاییەکان، لەولاتی (مەغریب) بووە، وەك ئیبنخەلدوون دەڵێت (بەرگی حەوتەم، لاپەڕە ١٧٢، ١٨٤). بەلام پێ دەچێ ئەمانە بەکرێگیراو بووبن لەلایەن (دولة الموحدين) و (دولة بني عبدالواد) ی بەبەریەوە، یا پاشماوەی ڕۆم و فەرەنگەکانی پێش ئیسلامەتی بووبن کە تا فەتحی ئیسلام باکووری ئەفەریقایان هەموو لەژێر دەستدا بوو.

www.zheen.org

جێـی باسـه، "جـورجی زیـدان"یـش هـەمان قـسەی ئـیبن خەلـدوونی لەکتێبەکەیـدا (تـأريخ التمـدن الأسـلامی، بـەرگی یەکـەم، لاپـەڕە ٢٠٢) وەرگرتووە، بەڵام مێـژووی ساڵەکە لـە دووپاتکردنـەوەدا (بەنووسین) هەڵـەی تێـی کـەوتووە بـووە بـە (٧٧٢) ی کۆچـی. بـڕوایش ناکـەم سـاڵی ١١١٨ ی عیسایی (=٥١٢ ی کۆچی) چەکی باروتداری وا لە وڵاتی مەغریب هەبووبێ. نابـێ ئـەوەیش لەبیربکـەین کـە ئـەو کوردانـەی پـێش سـاڵی (٦٧٢ی کۆچـی) گەیشتبوونە (مەراکیش)، وەك ئیبن خەلدوون دەڵێت (بەرگی حەوتـەم، لاپـەڕە ١١٢)، چەکی سەرەکیيان لەشەڕدا تیروکەوان بووە. هەنـدێك لـەو کوردانـە لـە دەوڵەتی (مرین) و دەوڵەتی (عبدالواد) ی بەربەریدا پلـە و پایەیـەکی بـەرزیان بەدەست هێنا، وەك مووسای کوڕی عەلی کە بوو بە وەزیـری "سـوڵتان ئـەبوو تاشفین" ی کـوڕی "سـوڵتان ئەبووحـەموو"و پێـشتریش بـۆ شـەڕکردن لەگـەڵ ئیسپانیەکاندا بۆ (ئەنـدەلوس) نێردرابوو. لەگوتارێکدا بەدرێـژی باسـی ئـەو کوردانە دەکەین.

جا دوور نییە میللـەتی بەربـەر دروستکەری چەکی باروتـداری ئاگرین بن و، ئـەوروپاییش لەوانـەوە وەریـان گرتبـێ، لەکاتێکـدا (ئـاگری ئیغریقـی)ش لـە باروت نەبوە. هەرچی دەوڵەتی عوسمانیشە، چەکی ئاگرداری لە ئەورپاییيان خواستووەو فێـری بووە و، بۆ یەکـەمین جاریش لـە زەمـانی (سـوڵتان مـورادی دووەم) دا سـاڵی ٨٤٧ی کۆچـی (١٤٤٣-١٤٤٤ی عیـسایی) لـە داگیرکردنـی شـاری (بـەلگراد)دا -وەك ئەحمـەد ڕاسم لـە (عثمـانلی تـاریخی، بـەرگی یەکـەم، لاپەڕە ٥٦) دا دەڵێت: عوسمانیەکان تۆپ و تفەنگیان بەکارهێنا.

من لەو باوەڕەدام پێش ئەوەی کوردستانی باکوور بکەوێتـە بن دەسـتەڵاتی دەوڵـەتی عوسمـانی، تفـەنگ گەیـشتووەتە کوردسـتان.واتـە لـە سـەروبەندی فەرمانداریێتیی (ئاق‌قۆینلوو) دا لەناوچەی دیاربەکر و ماردین و جزیرەوە بگرە تا چیاکانی مووش و بدلیس و، کەمێك بەرلەوەی ئاق قۆینلوو شاری (تـەورێز-تـەبرێز)ی پایتـەختی (قـەرەقۆینلوو) داگیربکـەن و بیکەنـە پایتـەختی خۆیـان و

بەدەوڵەت بناسرێن، ئەویش لە ساڵی ٨٧٢ی کۆچی (١٤٦٦ی عیسایی) دا بوو نەك ٨٧١ی کۆچی. تفەنگ گەیشتنە کوردستانیش، یا لە ڕێی (ئەنادۆڵ) ی بن دەستی عوسمانی، یا لەڕێگەی ئەو میرنشینە بیزەنتییەوە بووە کە لە کەنارەکانی زەریای ڕەشدا لە ناوچەی (تەرابزوون) مابووەوە و لە بیزەنتیەکانی (قسطنطينية- ئەستەمبووڵ) دابڕابوون و پێوەندیی دۆستایەتیی لەگەڵ "حسن الطويل"ی میری ئاققۆینلوودا هەبوو کە لە ساڵی ٨٥٧ ی کۆچییەوە (١٤٥٣ی عیسایی) حوکمداری ئەو ناوچانەی کوردستان بوو. بیزەنتیەکان لە عوسمانیەکان زووتر چەکی ئاگردارییان پەیداکردووەو بایەخیان پێداوە.

بەڵام یەکەمین شەڕێك لە کوردستاندا کە تفەنگی تێدا بەکارهاتبێ و مێژووی تەواوی زاندرابێ شەڕی (اوتلق بلی) بووە لەنێزیك شاری (ترجان)ەوە کە ئێستا قەزای ویلایەتی (ئەرزنجان)ە لە کوردستانی بن دەستی تورکیادا. ئەو شەڕەش ڕۆژی ١٦ی ڕەبیعولئەووەلی ساڵی ٨٧٨ی کۆچی (١١ی ئابی ١٤٧٣ی عیسایی) لەنێوان هێزەکانی "حسن الطويل" و سوڵتان محەمەد فاتح‌دا ڕووی داو، هێزی عوسمانی سەرکەوتنی تێدا بەدەست هێنا. ئەوە سێیەمین شەڕ بوو لەنێوان هێزی دەوڵەتی ئاققۆینلوو دەوڵەتی عوسمانیدا.

ئەحمەد ڕاسم لەبارەی چەکی عوسمانیەوە (بەرگی دووەم، لاپەڕە ٥٨٣) نووسیویەتی: لەم شەڕە (ترجانی دراوسێی ویلایەتی ئەرزەرۆم) دا هێزی (یکیچری) ی عوسمانی بە (قەمە) و (تفەنگ) و تیروکەوان وخەدەنگ پڕچەك بوو. دیارە ئەگەر دوو دەوڵەت دوژمنی یەکتربن و یەکێکیان چەکی نوێ و پێشکەوتووی هەبێ، ئەوی دیکەیشیان کەم و زۆر هەوڵی دەست خستنی ئەو چەکە دەدات. هەر لەم کاتانەشدا دەوڵەتی ئاققۆینلوو، لە داگیرکردنی (قەڵای بدلیس)دا، تفەنگی بەکارهێنا. ئەمە لە زەمانی میر ئیبراهیمی میری بدلیسیدا بوو و، "حسن الطويل"یش بەسەرکردەیی "سلێمان بیژەن" هێزی نارده سەر بدلیس.

مێژوونووسی گەورە شەرەفخانی بدلیسی کە باسی ئەم شەڕەی کردووە، ناوی تفەنگی هێناوە کە لەتەك مەنجەنیق و تیردا بەکارهاتووە (بڕوانە:

شەرەفنامەی فارسیی چاپی قاهیرە، لاپەڕە٥٠٦). هەروەها لەنێو (تابلۆی ژمارە ١٤) ی تابلۆ دەستکردەکانی نێو دانەی یەکەمینی شەرەفنامەی دەستخەتی شەرەفخان خۆیدا (دانەی نامەخانەی -بودلیان-، نمرە ٣١٢) کە کاری دەستی شەرەفخان خۆیەتی وبیست تابلۆن، ئەو تابلۆیەی کە لەبارەی ئابلۆقەدانی قەڵای بدلیس لەلایەن هێزی ئاققۆینلووەوە کێشاوە، وێنەی تفەنگی تێدا دەبیندرێت. بڕوانە کتێبەکەمان (تابلۆکانی شەرفنامە) لە چاپکراوەکانی (ژینا نوێ) لە سوید (١٩٩١) کە هێژا عەلی شێر کردوویە بە کرمانجی و پیتی لاتینی و، هەروەها چاپی وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەولێر لە ١٩٩٨دا.

لەو تابلۆیەدا کە ژمارە (١٤)یە، وێنەی (تۆپ)یش کێشراوە، بەلام شەرەفخان لە باسی ئەو شەڕەدا ناوی (تۆپ) ی نەهێناوە. ڕەحمەتی هەژار موکریانی لە پەراوێزی لاپەڕە (٧١٥) ی وەرگێڕانی کوردیی چاپی کۆڕی زانیاری کوردی شەرەفنامەدا، دەڵێت :((لە زەمانی ئاق قۆینلوودا تفەنگ نەبوو! نازانم چۆن دانەر ئەو شیعرەی هێناوە))، واتە شەرەفخان لەو شیعرەدا ناوی تفەنگی لەپاڵ ناوی بەردی مەنجەنیق و تیردا بردووە. ئەم ڕایەی مامۆستا هەژار بەپێچەوانەی ئەو زانیارییە مێژووییانەی سەرەوەیە. لەوانەشە تۆپ لەو شەڕەدا بەکارنەهاتبێ و وێنەکەشی لەو تابلۆیەدا خەیاڵکرد بێ. هەر لەپاش سەدەی پازدەهەمەوە تۆپ لەکوردستاندا بەکارهاتووە، ئەویش لەشەڕی نێوان عوسمانی و سەفەوی و لە دژی کوردانی بدلیس لەلایەن عوسمانیەکانەوە ساڵی ٩٣٨ی کۆچی (١٥٣١-١٥٣٢ ی عیسایی)، وەك لە (لاپەڕە ٥٤٧-٥٤٨) ی شەرفنامەدا هاتووە. سەدەی نۆزدەهەمیش لە کوردستاندا تۆپ لە کارگەی جەنگیی لە شاری ڕەواندز دروست دەکرا، وەك باسی دەکەین.

www.zheen.org

بنكەی ژین
www.zheen.org

# دروستکردنی تفەنگ لە کوردستان

ئەو تفەنگانەی لە کوردستاندا لە کوورەداو بەدەستی وەستای کورد بە لوولەو هەموو پارچەو پێداویستیەکی دیکەوە، دروست دەکران، دوو جۆر بوون. یەکەمیان کە کۆنترینیانە، چەخماخدار بوو، لە ناوچەی سلێمانی (تفەنگی شینکە) یان پێ دەگوت. ڕیچ ساڵی (١٨٢٠)، لە زەمانی مەحموود پاشای کوڕی عەبدوڕڕەحمان پاشای باباندا، هاتووەتە سلێمانیو، لەو وێنانەی بەدەستی خۆی کێشاونی، وێنەی پیاوێکی جافە کە تفەنگی شینکەی بەدەستەوەیە و کوولەکەی بارووتی بە لاقەددا شۆڕبووەتەوەو گورزو خەنجەریشی لەبەرپشتێندایە. (بڕوانە رحلە ريچ، لاپەڕەی بەرانبەر لاپەڕە ٧٦). ریچ چووەتە شاری (سنە)یش؛ لە باسی میرنشینی ئەردەڵاندا، وێنەی دوو سەربازی هەورامیی لەشکری ئەردەڵانی لە کتێبەکەیدا کێشاوە (بڕوانە: لاپەڕەی بەرانبەر لاپەڕە ١٤٤) کە تفەنگی شینکە بەدەست یەکێکیانەوەیە و کوولەکەی بارووت و شاخی حەیوانەکێویش- کە بۆ چەورکردنی تفەنگ ڕۆنی تێدەکرێت- بەپشتێنیدا شۆڕبووەتەوە. ئەمەیش ئەو وێنەیەیە:


www.zh...n

وا دەردەکەوێ کە تفەنگی شینکە لە میرنشینی بابان و ئەردەڵاندا لە هەموو جۆرە تفەنگێکی دی زۆرتر بووەو بەزۆری شینکە بەکارهاتووە، لە وێنەکاندا دیارە ١٢یا ١٣ تەوق و لوولەو داری تفەنگ پێکەوە قاییم کراون. (ریچ) تفەنگی شینکەی بە تفەنگی قورس (البندقیة الثقیلة) ناوبردووە. هەروەها ئامادەی پێشبڕکێیەکیش بووە کە عوسمان پاشای برای مەحموودپاشا بەتفەنگی قورس بەشداری تێداکردووە. ریچ دەڵێت: عوسمان پاشا لە هەموان زیاتر دەست ڕاست و نیشان شکێن بووەو یەکەمی ئەو پێش بڕکێیەبووە [i].

تفەنگی شینکە بەم شێوەیە دادەگیرایەوەو بەکاردەهات: لەدەمەوە کەمێك باروت دەخرایە لوولەکەیەوە. ئەمجا گوللە خڕەکەشیان تێ دەخست و بەشیشی تفەنگ توند لێی دەدرا تا گوللەکە دەگەیشتە سەر باروت. پاشان هێندێك پەڕۆیان دەخستە دەمی لوولەوەو بەهەمان شیش دەیانئاخنیە نێوی تا دەگەیشتە سەر گوللەکە. ئەو پەڕۆیە تا توند بپەسترابایەوە، باشتربوو، چونکە دەنگی تەقینەوەکە گەورەتردەبوو و گوللەکەش دوورتر دەڕۆی. بێگومان ئاگرەکەیشی لە (ئەستێ) و (بەردەستێ)وە پەیدادەبوو، بەهۆی ئاگری (تێز)ی باروتی سەر (ناوەستێ)ی تفەنگەوە دەگەیشتە باروتی نێو تفەنگ. (تێز)یش ناوی ئەو کەمە باروتەیە کە دەخرایە سەر (ناوەستێ) لە بەردەمی کونە بچکۆلەی تەنیشتی لوولە کە پێی دەڵێن (کونی تێز). لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا هەندێك لەو کوردانەی شەڕیان لەگەڵ هێزی رووس دەکرد، تفەنگیان شینکە بووە. نابێ ئەوە لەبیربکەین کە لەم چەشنە تفەنگەش کۆنتر، تفەنگی پڵیتەدار (فتیلدار) بووە. واتە یەکەم جار کە تفەنگ پەیدابوو، بەپڵیتە دەتەقێندرا. پاشتر کە پێشکەوت ئەستێ و بەردەستێ بۆ تەقاندنی بەکاردەهات. بەڵام تا ئێستا هیچ زانیارییەکمان لەبارەی تفەنگی پلیتەدارەوە لە کوردستاندا بەدەستەوە نییە.

www.zheen.org

دووەمین جۆری تفەنگ، کە فیشەکدار بوو، (حسکە) یان پێ‌دەگوت. یەك فیشەکی دەخوارد، هەر وەستای تفەنگەکە خۆی فیشەکەکەشی لە (زەرد) دروست دەکرد و، گوللەکەش کە قوڕقوشم بوو دەخرایە دەمی فیشەکەکەوە. پاش تەقاندن، قاوغە فیشەکەکە فڕێ نەدەدرا، بەڵکو جارێکی تر پڕ دەکرا. وەك بلاوە لە سلێمانی، ناو (حسکە) لەناوی وەستا (حسێن)ێکەوە هاتووە کە ئەم تفەنگەی لە سلێمانی دروست کردووە، رەنگە یەکەم جار هەر ئەو دروستی کردبێ. مێژوونووس و کاتبی شێخ مەحموودی نەمر مامۆستا "ئەحمەد خواجە" لەوبارەوە پێی گوتم : چەند دووکانێك لە سلێمانی هەبوون، هی نەوەکانی ئەم وەستا حسێنە بوون، تفەنگی حسکەیان دروست دەکرد. ئەو تفەنگە نوسین یا توڕڕە (طرّة)ی بەسەرەوە نەبوو. حکوومەتی عوسمانی لەسەدەی نۆزدەهەمدا یا پاش ڕووخانی میرنشینی بابان ئەم تفەنگەی لێ دەکڕین. لە بەرگی سێیەمی گۆڤاری (دەفتەری کوردەواری)دا لە گوتارێکدا باسی سنعاتەکانی شاری سلێمانیم کردووە. هەروەها گوتی: (تفەنگی کارخانە)ش وەك حسکە یەك فیشەکی دەخوارد، بەڵام دەستکردی کوردستان نەبوو، بەڵکە هی حکوومەتی عوسمانی بوو و، پاش حسکە گەیشتە ئەم ناوچەیە. ئەم قسەیەی مامۆستا ئەحمەدم لە چەند بەساڵداچوویەکی دیکەیش بیستووە. (مخابن مامۆستا احمد خواجە لە ١٩٩٧/٣/٤دا وەفات بوو). لە ڕۆژنامەی (ژین) ژمارە ١٣٣٥ روژی ١٩٥٧/٣/٧ دا، نجم الدین مەلا نووسیویەتی حسکە مامی نووسەر ئەمین فەیزی بووە و یەك تفەنگی بەبیست لیرە فرۆشتووە، کە دەزانرێ تفەنگەکانی زۆر بەنرخ بون. ئەمین فەیزی کوڕی قادر ئاغایش، ١٨٦٠ لەدایك بووە.

شایانی وتنە، لە شەڕەکانی شێخ مەحموودی نەمریشدا تفەنگی حسکە هەر باوی مابوو، واتە لە شەڕە قورسەکاندا و بەتایبەت لە شەڕی دەربەندی بازیاندا کە هێندێك لە شۆڕشگێڕەکان تفەنگی حسکەیان پێ‌بوو، وەك بەڕێز شێخ مەحموودی شێخ حەسەنی باراوی پێی گوتم کە لە شەڕی

بنکەی ژین
www.zheen.org

دەربەنددا (١٩١٩) لەگەڵ شێخ مەحموددا دیل کرا. ڕۆژی ١٩٨٩/٩/٢٩ چاوم بە ناوبراو کەوت و، چاوپێکەوتنەکەم بە ڤیدیۆ تۆمارکرد، پێشتریش گفتوگۆم لەگەڵدا کردووەو لەسەر شریتی کاسێت تۆمارم کردووە و بیرەوەریەکانی ئەم پیرەمێردە زۆر گرنگن.

ڕۆژی ١٩٨٩/٩/١ لەبارەی حسکەوە پرسیارم لە بەڕێز حەمەئاغای ئەحمەدی مەحموود ئاغا کرد کە دوایین کەس بوو لە سلێمانی چەخماخسازی بکات، گوتی : وەستا حسێن خەڵکی سنە بووەو " کە سلێمانی ئاواکراوە هاتووەتە ئێرە و، تفەنگی حسکەی لەسەر جۆرە تفەنگێك دروست کردووە کە لەنێو دەوڵەتی عوسمانیدا هەبوەو ناوی (تفەنگی مەعدەن) بووە. هەر ئەم وەستا حسێنە، لە سنە لقێکی دیکەی بۆ ئەم کارگەیەی خۆی دامەزراندووە. هەروەها گوتی: ئەم قسانەم لە باوکم بیستووەو، ئەویش "وەستا سەعیدی ئەمینی بارام"ی وەستای بۆی گێڕاوەتەوە.

پێش ساڵی (١٩٢٠) وەستای تفەنگ دروستکردن زۆربوون و، هەر لە سلێمانی نێزیکەی دوازدە دووکانی چەخماخسازی بۆ دروستکردنی تفەنگی حسکە هەبوون، جا ئیتر وەستایان تێدابوو تایبەت بە لوولە، هەبوو بە چەخماخ و، هەشبوو دارەکەیان دروست دەکرد. هەرچی وشەی (چەخماخسان)ە، بۆ وەستای تفەنگ دروستکردن و شتی وردەی لەم بابەتە بەکاردێت.

(کرماشانی)ش جۆرە تفەنگێکی شینکە بوو لە شاری کرمانشای کوردستانی ئێران دروست دەکرا، بۆیە بە (کرمانشایی) ناودەبرا، وەك شارەزاپیرەکان دەڵێن. بەڵام هەر دەبێ جیاوازییەکی بچووك یا نیشانەیەکی تایبەتی هەبوو بێ کە پێی ناسرابێتەوە.هەر لەم سەدەیەشدا چەخماخسازەکان (ساچمەزەن) یان بۆ ڕاو دروست دەکرد، لوولەکەی لوولەی شینکە یان بیلادی بوو و دەیانکڕی.پارچەکانی دیکە خۆیان دروستیان دەکرد. بە تەرەقەی بیلادی دەتەقی، نەك بە ئەستێ و بەردەستێ و تێزی نێو (ناوەستێ). ساچمەکانیش، چ ورد بوونایە چ درشت، لە قوڕقوشم دروستیان

دەکــرد و، بــۆ هــەرجارێك بــەکارهێنان، چــەند ساچــمەیەکیان دەخــستە لوولەکەیەوە.

## تفەنگ لە کوردستاندا بە دوو ڕێگە دروست کراوە

ئـەویش لـە کـوورەدا لـە کارگـەی تایبەتـدا کـە قـاڵبی هـەبووەو ئاسـنی بـۆ تویێندراوەتـەوە. ئێمـە هـەر نـاوی دوو کارگـەمان بیستووە تفـەنگیان دروست کردبێ:

١- کارگـەی شـاری (جزیـرا بوتـان) لـە زەمـانی بـەدرخان پاشـادا. مێژوونووسـی گـەورە "محەمەدئـەمین زەکـی" لـە (تـاریخ الکـرد وکردسـتان، لاپـەڕە ٢٣٦)دا ئامـاژەی بۆ ئـەوە کـردووەو نووسـیویەتی: کـە بـەردخان بەتـەمای بـەرپاکردنی شۆڕشـی ڕزگـاری بـوو، یەکێتیـیـەکی لـەنێو مـیر و سـەردارە کوردەکانـدا پێـك هێنـاو، خـۆی بـۆ بـەدیهێنانی ئـەم ئامانجـە ئامـادەکردو، کارگـەیـەکی لـە شـاری جزیر بۆ دروستکردنی تفەنگ و ئازووخەکەی بنیادنا. و هەروەها ئەمە هـاتووە لـە (ل٥، ب ٢)ی (تـاریخ مـردوخ)دا، لەگـەڵ باسـێکی کارگـەیـەکی تایبـەتی باروتـدا و لەمـە زیـاتر لـە بەسـەرهاتی ئـەم کارگەیـە نـازانین، بەتایبـەت پـاش ئـەوەی هێـزی عوسمـانی و ئـەزدی شـێری ناپـاك شـاری جزیریـان داگیرکـردو شۆڕشەکەیان لەنێو برد.

٢- کارگەی ڕەواندز: مێژوونووسی نەمر حسێن حوزنی موکریانی لە (موجز تاریخ أمـراء سـوران، لاپـەڕە ٤٠) دا وەرگێڕانـی عـەرەبی‌ی محەمـەدی مـەلا کـەریم دا، نووسـیویە: محەمـەد پاشـای ڕەوانـدزی سـاڵی ١٢٣١ی کۆچـی (١٨١٥-١٨١٦ی عیسایی) چەند کارگەیەکی بۆ دروستکردنی شمشێر و خەنجەرو تفەنگ و تۆپ ...دامەزرانـدو، کارگـەی تـۆپ دروستکردنی بـە وەسـتا ڕەجـەب سـپارد و ئـەو سەرپەرشتیی دەکرد. کارگەی تفەنگسازیشی خستە ژێر دەستی "خانگێڵدیی چەخماخساز" کـە وەسـتابوو و لـە ورمـێ (ئوورمیـە)وە بـۆ ڕەوانـدزی هێنـابوو.

بەداخەوە نموونەی تفەنگەکانی ڕەواندزمان نەبینیوە تا زیاتری لەبارەوە بنووسین. ڕەنگە نووسینیان لەسەر نەبێ، بۆیە ئەگەر نموونەیشیان مابێ ناناسرێنەوە.

## چۆنێتیی دروستکردنی تفەنگ

چۆنیەتی تفەنگ دروستکردن، بەتایبەت لوولەکەیم لە چەند وەستایەکی ئاسنگەری بەتەمەن پرسیوە، بەڵام نەیانزانیوە وەستا کۆنەکان چۆنیان دروست کردووە، چونکە بەچاوی خۆیان نەیاندیوە. پاشتر زانیاریی تەواوو ڕاستەقینەم لە ئاسنگەرێکی هەشتا و پێنج ساڵەی خەڵکی دێی (سەرگەڵوو)ی ناوچەی سلێمانی وەرگرت کە بەڕێز وەستا قادری وەستا مەحموودی وەستا ئۆمەری سەرگەڵووە، کە ساڵی (١٩٠٤) لە دایك بووەو، لەگەڵ ئاسنگەرەکانی دیکەی سەرگەڵوودا لە نەوەی "وەستا خاڵەی ئاسنگەر"ە، وەك لە گوتاری "وەستا خاڵەی ئاسنگەر"دا باسمان کردووە. وەستا قادر دەڵێت : سنعاتی تفەنگسازیمان پشتاوپشت بۆ ماوەتەوەو، چەندین جار دیومە وەستا محەمەدی مامم (تفەنگی شینکە) ی لە دێی سەرگەڵووی باکووری سلێمانی دروست دەکرد. ڕۆژی ١٩٨٩/٥/١٤ ئەو زانیاریانەم بەدەنگی خۆی تۆمارکرد. جێی گوتنە، وەستا سەعید و وەستا عەلیی کوڕی و حەلاوە خانی کچی بەشداری ئەو چاوپێکەوتنە بوون. وەستا قادر دەڵێت: وەستا محەمەدی مامم پلەبەپلە تفەنگی شینکەی دروست دەکردو هەر (لو ولە)یەك بە (یازدە) قۆناغ تەواو دەبوو:



بنکەی ژین

وەستا قادر

(١٩٩١ کۆچیدوایی ی کردووە)

١- شیشێکی ئاسنی باریك لە کوورەدا سوور دەکرایەوەو، پاشان لەسەر دەزگا پان دەکرایەوە.

٢- شیشە پانکراوەکە لە شیشێکی خڕەوە دەپێچرا.

٣- سێ شیشی ئاسنی دیکە، هەریەکەی لەتەنیشتێکەوە، دەخرانە سەر ئاسنە پێچراوەکەو، بەبێ شیشە خڕەکە دەخرانە نێو کورەوەو، سوور دەکرانەوەو جۆش دەدران. پاشتر دەردەکران و، لەسەر دەزگا پێیاندا دەکێشرا تا پارچەکان یەکیان دەگرت و، ئیتر ناوەکەی بەکونی دەمایەوە، بەڵام زۆر پچوك بوو. لوولە لەم چوار پارچە ئاسنە دروست دەکرا، شیشی یەکەم کە پێچ پێچ بوو بە قاتی یەکەم حسێب دەکرا" واتە لوولە لەبنەڕەتدا لە دووچین یا دووقات ئاسن دروست دەکرا.

٤- لوولەکە دەخرایە سەر تەختەیەکی تایبەتی گەورەی وەك تابووت و بەچەند تەوقێکی ئاسن لەسەری قایم دەکرا، تا لوولەکە نەجووڵێ. ئەگەر لوولەکە بجوڵابایە، پارچەداری پچووك پچووك دەخرایە بەر تەوقەکان تا توند بن.

٥- کونی لوولەکە کە لە کووره دەردەکرا، یەکجار تەسك بوو، بۆیە (چوارپاڵوو) دەکرا. چوارپاڵووکردن تەنیا بۆ فراوانکردنی لوولەیە. وەستا محەمەدپاشای وەستا ئەحمەدی وەستا مەحموودی سەرگەڵوو لەم بارەوە دەڵێت : چەندین جار وەستا محەمەدسالحی وەستا محەمەدئەمینی وەستا محەمەدی سەرگەڵووم دیوە (چەخماخسازێکی زۆر زیرەك بووەو دوو ساڵێك دەبێ کۆچی دوایی کردووە) لوولەی شینکە یا تفەنگی دیکەی وەك تفەنگێکی تورکی بە چوارپاڵکردن گەورە دەکرد، بۆ ئەوەی بیکا بە لوولەی ساچمەزەن، چونکە هی ساچمەزەن دەبێ گەورە بێ و بێ خانیشە. چوار پاڵ ئاسنێکی پۆڵای چوارگۆشە بوو، دەخرایە سەر ئاسنێکی درێژ و، بنەکەی لە تاکی سەرەوەی (دەستاڕ) توند دەکرا، چەخماخساز هەر بەپێوە تاکە دەستاڕەکەی دەسووڕاندو

بنکەی ژین www.zheen.org

چوارپاڵیشی لەگەڵدا دەسووڕاو، لەبەرەوە نێو لوولەی دەڕنی و فراوانی دەکرد. وەستا حەمەئاغای سلێمانیش وا دەڵێ، بەڵام وەستا قادر باسی چوارپاڵکردنی نەکرد و لەگەڵ دیشلیدا تێکەڵی کرد. یانی چوارپاڵکردن بو فراوانکردنی لوولەیە، بەڵام (دیشلی) کردن کارێکی جیایە و بۆ سافکردن و پاککردنەوەی لوولەیە.

٦- دیشلیکردن : پاش چوارپاڵکردن لوولە دیشلی دەکرا. دیشلیش ئاسنی پۆڵای سەر چوارگۆشە بوو کە دەوری (١٠ سم) یێك درێژ بوو، لەسەر ئاسنە درێژکە توند دەکرا. ئەمجا سەری دیشلی دەخرایە کونی لوولەکەوەو، بنەکەشی-واتە دەسکی دیشلییەکە- بە (دەستاڕ)ێکەوە نەدەبەسترا، بەڵکوو بەدەست لەنێو لوولەکەدا دەخولێنرایەوە تا کونی لوولە وردە وردە پاك و ساف دەبوو. ئەگەر خوارییەك لە کونی لوولەکەدا هەبوایە، وەستا دەیبینی" بەتایبەت بەهۆی دەزوویەکەوە کە لە لوولەی هەڵدەکێشا، تا خوارو خێچیی باشتر دەربکەوێ و جێی خوارییەکە تەواو دیاری بکات، بۆ ئەوەی لە دەرەوە بە چەکوش لە لوولەکە بدات خوارییەکە ڕاست بکاتەوە. (دیشلی) وشەیەکی تورکییە لە (دیش)ەوە هاتووە کە مانای ددانەو، دیشلیش واتە دداندار.

وەستا محەمەدپاشای کوڕی وەستا ئەحمەدی وەستا مەحموودی سەرگەڵوو لەم ڕووەوە دەڵێت: دیشلی کردن بۆ فراوانکردنی لوولە نییە، بەڵکوو بۆ پاککردنەوەیەتی و بەهێزی دەست دەکرێت، ئەویش بەوەی دارێك دەخرێتە کونی دەسکە ئاسنە درێژەکەی دیشلییەوە و وەستا بە هەردوو دەست ئەو دارە دەگرێ و پاڵی پێوە دەنێ، واتە بە دەستاڕ نییە.

٧- خانکێشکردن: خانکێش ئاسنێکی لە لوولە درێژتر بوو، دوو پارچە ئاسنی پۆڵا کە هەریەکەی نێزیکەی (٤سم)یێك درێژبوو، لە سەرەکەی توند دەکران، واتە جێیان لە سەرەکەیدا هەبوو و یەکسەر دەکەوتنە جێی خۆیان. بنی ئاسنە درێژەکە بەدارێکەوە دەبەسترا کە دەوری (٣٥ سم) یێك ئەستوورو پێچپێچپێش بوو. ئەم دارە دەسکی هەبوو. سەری ئاسنەکە دەخرایە نێو کونی

لوولەکەوەو بەدەست پاڵ بە دەسکەدارەکەوە دەنرا. ئەوجا دارە پێچ پێچەکە دەخولایەوەو دەگەڕاو پاڵی بە ئاسنەکەوە دەناو دەیخولاندەوە. سەری خانکێشەکەش، کە دوو پارچە پۆڵابوو، دەخولایەوەو لەمسەرەوە بۆ ئەوسەر خانەکەی لەنێو لوولەکە هەڵدەکەند. ماوەی نێوان خانەکان هێندەی پێچ پێچی دارەکە دەردەچوو. بەم شێوەیە خانەکانی لوولەکە دروست دەکران.

جێی باسە، ئەو لوولە شینکەیەی کە لەلامە، ڕووەکەی هەشت سووچە و خانەکانی وەك لەدەمەکەیدا دیارە ڕاستەوڕاستەو هەشت خانی هەیە، دەبێ خانکێشی هەشت سەر یا هەشت سووچ هەڵیکەندبێ.جا واپێ دەچێ هێندێك لوولە خانەکانی پێچ پێچ و، هێندێکی دی ڕاست بن. وەستا حەمە ئاغا دەڵێ: خانەکانی هەندێك لە شینکە ڕاستەوڕاست بوون.

٨- لوولە یەکەم جار خڕ دەردەچوو، پاشان وەستا بە چەکوش و بڕبەند ڕووی لوولەی (هەشت سووچ) دەکرد، لەبەر ئەمە بە شینکەیان دەگوت (هەشتیدار). کەم هەبوو لوولەکەی بە خڕی بمێنێتەوەو هەشت سووچ نەکرێت. وەستای تفەنگساز خۆی تفەنگەکەی (چەخمە) دەکرد، واتە نەخشی لەسەر لوولە هەڵدەکەند، بە نەخشی سەر ئاسنیان دەگوت (چەخمە).

٩- کونی تێز (برمك):کونێکی بچووك لە لای ڕاستی نێزیك بنی لوولە دەکرێت، واتە لە شوێنێکی دەوری (١سم)نێزیك لە قۆنداخ (قۆناغ).

١٠- نیشان: پارچەییێکە لە لوولە و دەکەوێتە کۆتاییەکەیەوەو (٢سم) لە ئاستی لوولە بەرزترە و، سێ کونی پچووکی تێدایە" کونە بەرزەکەیان بۆ مەودایەکی دوور، هی ناوەڕاستیان بۆ مەودایەکی مام ناوەندی و، ئەوی سێیەمیشیان بۆ مەودایەکی نێزێك بەکاردێت.

تفەنگچی، بەپێی ئەو لوولە شینکەیەی لەلامە، لە یەکێك لەو کونانەوە تەماشای نیشانەکە (ئامانج) دەکات. لە قەرەداخ بە نیشان دەڵێن سیپ (سیپە). بۆ نیشان لێ گرتن بە کرمانجیی ژووروو دەڵێن: سهێرك گرتن و (سێهرك)یش

www.zheen.org

(نیشان)ە؛ بە کرمانجیی خواروویش دەڵێن: سێرە لێ گرتن. شایانی باسە، لە کرمانجیی سەروودا بە (ئارمانج– ئامانج)یش دەڵێن نیشان؛ یانی بۆ ئەو شتەی کە تفەنگی تێ دەگیرێت، جا چ بەردێك یا دارێك یان هەرچییەك بێ.

لە سلێمانی، سیپە بۆ نیشانی تفەنگی نوێی وەك بڕنەوو کلاشینکۆف بەکاردێت. نمرەی نیشان لەسەر ئەو ئاسنە تایبەتە نووسراوە کە بە عەرەبی (سدّادة)ی پێ دەڵێن و، بە کەلێنەکەیش دەڵێن (سدادة المعركة). ئەمیان کەلێنی بچووکی سەری ئاسنەکەیە کە تفەنگچی چاوی دەخاتە سەری و نیشانی لێدەگرێت. هەروەها پێی دەڵێن (قەرەوڵ). لە ناوچەی قەرەداغیش وای پێ دەڵێن، لە هەمان کاتدا مانای (نیشان) دەگرێتەوە. قەرەوڵ (قراول) وشەیەکی کۆنی تورکییە بۆ چاودێر (حارس) بەکاردەهێنرا. هەندێك کەس پێیان وتم قەرەوڵ بە سەری نیشان (جاسووس–شوعەیرە) دەوترێ، بەڵام ڕاست نییە.

١١– سەرێ نیشانێ: ئاسنێکی بچووکە لەسەر پشتی لوولەو سەر دەمی لوولە لەحیم دەکرێ. دەبێ لە ڕاستی کونی نیشانەکە (یا کەلینی نیشان لە تفەنگە نوێیەکاندا) بێ. لە ناوچەی سلێمانی پێی دەڵێن جاسووس و، بەعەرەبیش لە عێراقدا ئەوەو "شعيرة"یشی پێ دەڵێن، یانی بە عەرەبی ئەم دوو ناوەی هەیە. لەبەرئەوەی وشەی (جاسووس) کوردی نییە، ناوەکەیم لە کرمانجی سەروودا کە "سەرێ نیشانێ"یە بەکارهێنا.تفەنگچی لە نیشانی تفەنگەوە سەرێ نیشانێو ئامانجەکە لە تەماشاکردندا جووت دەکات و بە پەنجەی شەهادەت پەلەپیتکەی ژێر چەخماخ ڕادەکێشێ، ئەوجا گوللە دەهاوێژێ.

ئاوا بەم یازدە قۆناغە لوولەی تفەنگ کە کارێکی سەختە، لەلایەن وەستا چەخماخساز (تفەنگساز)ە کوردەکەوە تەواو دەبوو.

www.zheen.org

## پارچەکانی دیکەی تفەنگ:

أ- کەوانە و تەختە: تەختە ئەو ئاسنەیە کە چەخماخ و ناوەستێ و ئەستێی لەسەر توند دەکرێت و، دەکەوێتە تەنیشتی ڕاستی تفەنگەوە. کەوانەیش لەنێو تەختەدایە و چەخماخ دەهێنێتە سەرپێ و بەچاو دیارنییە. کەوانەو تەختە پێکەوە ناودەبرێن، بۆیە ئێمەیش وامان نووسیون.

ب- چەخماخ: پارچەیەکە سەرەکەی وەك هی کەڵەشێرە و دووفاقەیە، بەردەستێ دەکەوێتە نێو هەردوو دەمی چەخماخ یا ئاسنەکەیەوە. چەخماخ (کەڵەشێر) و (چەکوچ) یشی پێ دەگوترێت. برغوویەك وا بەسەری چەخماخەوە، کە بادەدرێت، گەرچی بەردەستێ کونیش نییە، توندی دەکات. بۆ ئەوەی بەردەستێ نەشکێ، پارچە چەرمێك دەخرایە نێوانی ئەو و برغوو.

ج- بەردەستێ: پارچە بەردێکی پچووك و تەنکە، دەخرێتە نێو سەری چەخماخ. ئەم بەردە بورکانیی ئاگردارەو، لە کوردستاندا چەند ڕەنگی هەیە. خەڵکی ناوچەی قەرەداخ دەڵێن: بەردەستێی شاخی (جەوەڵ مازق) لە گەرمیان، لە هی ناوچەکانی دی باشترە.

د- ئەستێ: پارچە ئاسنێکی پۆڵایە، دەکەوێتە بەرانبەر چەخماخ و، لە کەوان و تەختە دەبەسترێت. کە بەردەستێ بەر ئەم (ئەستێ)یە کەوت، ئاگر پەیدا دەبێ و، گڕ دەداتە تێزی ناوەستێ و، لەوێشەوە لە کونی تێز بۆ بارووتی ناو لوولە. بەکرمانجیی ژووروو بە ئەستێ دەڵێن (شەهێ تفەنگێ).

هـ- ناوەستێ: تەختە ئاسنێکی پچووکە، دوو لای دەورانەورەکەی کەمێك بەرزن، بە کەوانەو تەختەوە بەستراوەو، دەکەوێتە بەردەم کونە تەسکەکەی لوولە (کونی تێز). ناوەستێ لەنێوان چەخماخ و ئەستێدایە، واتە پارچە پۆڵاکەی بەرانبەر چەخماخە. ئەم پارچەیە لە باکووری سلێمانی ناوی (ناوەستێ)یە، بەڵام لە ناوچەی باشووری سلێمانی (فیزدان) ی پێ دەڵێن. ناوەستێ لە ساچمەزەندا (مەمکە) ی پێ دەگوترێت.

جا کە کەمێك تێزی باروت دەخرێتە سەر ناوەستێ و تفەنگچی پەلەپیتکە ڕادەکێشێ و چەخماخ بەر ئاسنە پۆڵاکە دەکەوێ، ئاگر پەیدا دەبێ و گڕ لە

www.zheen.org

تێزی باروت بەردەداو، لەوێشەوە ئاگر لە کونی تەسکی تەنیشتی لوولەوە دەگاتە باروتی ناو لوولەو، تفەنگ دەتەقێ و گولله دەهاوێژێ.

دروستکردنی تفەنگێك لەلایەن وەستایەکەوە کارێکی گرانە و چەندین ڕۆژ دەخایێنێ. وەستا قادری وەستا مەحموودی سەرگەڵوو دەڵێت: وەستا محەمەدی مامم لەمانگێکدا دەیتوانی هەر دوو تفەنگی شینکە دروست بکات، ئەویش لەپێش ساڵی گرانیەکە – واتە ١٩١٧، یەکیی بە (٥٠) پەنجا قڕان دەفرۆشت. دەڵێت: تفەنگی حسکە بە(١٠٠–١١٠) قڕان بوو، باوکم حسکەی دروست دەکرد، بەڵام لوولەکەیی لە شاران دەکڕی. فیشەکەکەیشی هەر دەکڕیو، کە خاڵی دەبووەوە، خۆی پڕی دەکردەوە. جێی وتنە، سلێمانی کە ئاسنگەری زۆر بووە، لوولە لە کوورەی ئاسنگەردا جۆش دەدرا. پاشان ئاسنگەر تەسلیمی چەخماخسازی دەکرد. ئیتر مەتەو خانکێش و کارەکانی دیکەی تێدا دەکردو بە تەواوبوونی دەگەیاند.

## لوولەیەکی شینکە:

وا ڕێکەوت ڕۆژی دووەمی ئەیلوول ١٩٨٩، بەهۆی وەستا محەمەدی ناسراو بە (حەمەپاشا)ی وەستا ئەحمەدی وەستا مەحموودی سەرگەڵووەوە، کە ١٩٩٤ کۆچیدوایی کردووە، لوولەیەکی ڕووتی تفەنگی شینکەم لای برای ئاسنگەر خەلیفە عەلیی شەریفی عەبدوڕڕەحمان لە سلێمانی دەستکەوت؛ چەند گوندنشینێك لەوانەی کە ئەم ساڵانەی دوایی هاتبوونە ناو شار، هێنابوویانە لای وەستا خەلیفە عەلی تا بۆیان بکاتە شتی دیکە. لوولەکە ساغە، ئەوە نەبێ کە کەمێك لەو ئاسنە زیادەی کە بەبنکەکەوەیەتی و پێی دەڵێن (کلك) و (زمانە) کونێك یا دوو کونی پێوە بووە بۆ توندکردن بە قۆنداخەوە، شکاوە. ئەمەیش وەسفەکانیەتی:



**لوولەی تفەنگی شینکە**

**لوولەکە هەشتی‌یە، واتە هەشت سووچەو، هەشت خانی هەن و خانەکانی ڕاستەوڕاستن نەك، پێچ پێچ. لەسەر پشتی و نێزێکی کۆتایی‌یەکەی، نەخشی سێ گوڵ یا گوڵدانێك و دووگوڵ هەڵکۆڵدراوە. درێژیی لوولەکە (١,١٣ مەترە)و، ئەستووریی نێو ڕاستی (٧سم)و ئەستووریی لای دەمی (٩,٥) و ئەستوووریی بنەك ەی–واتە لای کونی تێزەکەی – (١٢سم) و عەیارەکەی–واتە تیرەی کونی دەمەکەی –(١,٥ سم) ە. تیرەی (کونی تێن) کە لەتەنیشت بنەکەیەتی، (٦ ملم)ە. ئەستووریی ئاسنەکەی دەمی (٥ ملم)ە و، پێدەچێ لە ناوەڕاستیدا تەنکتر بێ. پاش کونی تێزەکە (١سم) لە لوولە بنەڕەتەکە دەمێنێتەوە کە کون نی‌یە. نیشانەکە (٢,٥سم) بەرزەو، بەبنیەوەیەتی و، لە**

شێوەی سێگۆشەدایە و، هەردوو قەراغەکەی بە چەند کەلێنێك نەخش کراوە. سێ کونی خڕی پچووك بە نیشانەکەوەیە، هەریەکەی بۆ جۆرە دووری‌یەکە. قورسیی ئێستای لوولەکە (٢,٧٥٠ کگم)ە.

## دروستکردنی داری تفەنگ

باشترین دار بۆ تفەنگ دارگوێز بوو، چونکە قایمەو ناقەڵشێ و سووکە و جوانیشە. دەڵێن: لە سلێمانی لە دارگوێز بەدەر، داری دیکە بۆ داری تفەنگ بەکارناهێنن. بەڵام من خۆم بیرمەو، دیومە چەخماخسازێکی خەڵکی گوندەکەمان کە ناوی (عەباس)بوو، لە (مالا مسوێرا)بوو کە بنەماڵەیەکی ئاسنگەرو چەخماخساز بوو، داری تفەنگی لە سپیندار دروست دەکرد، ئەویش لەبەر نەبوونی دارگوێز.

داری تفەنگ هەموو بە یەکپارچەیی دروست دەکرا، واتە لە قۆنداخەوە تا دەوری دوو بەش لە لوولەکەی. بە ئامێرێکی تیژی سێ سووچیش هەڵدەکۆڵدرا، بۆ ئەوەی بەشی ژێرەوەی لوولە بکەوێتە ناوی. لوولەیش بەچەند بازنێکی ئاسن یا تەنەکە بەدارەکەوە توند دەکرا. وەستا حەسەن داڵاشی کوڕی وەستا صاڵحی وەستا سەعیدی وەستا سلێمان جەژنێ دەڵێت: سێ چوار ڕۆژ بە دروست کردنی‌داری تفەنگێکەوە خەریك دەبووم و، لە ساڵانی چلدا بە (١٠) دینار کەمتر دروستم دەکرد.

بۆ بریقەدار کردنی داری تفەنگ، لەپێشدا بۆدرەی سپی لە دارەکە دەدرا. پاشان ئیسپرتۆ و (گومەلیقە)ی لێ دەدرا و بریقەی دەبوو. (گومەلیقە) وەك باغە بوو، دەخرایە نێو ئیسپرتۆ و بێگەرمکردن دەتوایەوە.

www.zheen.org

# چاککردنەوەی تفەنگ

ئەگەر تفەنگ ژەنگی بگرتایە یا (خۆرکە) لێی بدایە، هیچ چارێکی نەبوو لەوە پتر کە چەخماخساز بە بڕبەند و سمارتە بیڕنێ ژەنگ و خۆرکەکەی لاببات. ئەگەر لوولەکەی بەهۆی زۆر تەقاندنەوە گەورە و فراوان ببوایە کە ئیتر گوللەی دوور نەهاوێژتبایە، چەخماخساز نەیدەتوانی لوولەکەی تەسك بکاتەوەو چارەسەرێکی بکات، جگەلە فیشەك گۆڕینی؛ ئەوەیش بەهۆی دەستکاریکردنی سنووقەکەیەوە–واتە جێی فیشەکەوە–کە گەورەتری دەکرد تا فیشەك و گوللەی تفەنگێکی گەورەتر بخوات. بۆ نموونە، ئەگەر تفەنگی تورکی کونی لوولەی گەورە ببوایە، سنووقی فیشەکەکەیان بە بڕبەند گەورەتر دەکرد تا فیشەکی بڕنەو بخوات.

ئەگەر چەخماخ یا پەلەپیتکە یا کەوانە یا هەر پارچەیەکی دیکەی بشکایە، گەر نەگۆڕدرابایە، ڕووبەند (لەحیم) یان دەکرد بە لەحیمی زەرد. چەخماخسازەکان بۆ لەحیمکردنی تفەنگ و دەمانچە و شتی دیی ئاسن تەنیا لەحیمی زەردیان بەکاردەهێناو، ڕووبەندیان دەکرد، واتە (تەنە)یان پێوە دەکرد. (تەنە) ماددەیەکی وەك گەچ سپی بوو. ڕۆژی ١٩٨٩/٩/٢٦ لە دووکانی مسگەریی وەستا حەمەڕەشیدی مستەفا (تەنە)م بینی، بەڵام لەگەڵ زەرد و مسدا تێکەڵ کرابوو و، وەك ئارد وابوون. ناوبراو گوتی: بەمە لەحیم دەکەم و، لەبەغدا تەنە دەکڕم کە سنعاتێکی خۆماڵییە و، خۆم بەتێکەڵی دروستی دەکەم. زەردەکە دەخرێتە سەر ئەو جێیەی کە دەیانەوێ لەحیمی بکەن و، پاشان تەڕی دەکەن و، هێندێك تەنەی پێوە دەکەن و، دەیخەنە نێو کوورە. کە زەردو تەنە دەتوانەوەو دوکەڵێکیان لێ بەرزدەبوەوە، ئیتر چەخماخساز لە کوورەی دەردەهێنا و، بەم شێوەیە لەحیم دەبوو، یەکی

دەگرتـەوە. بـەم لەحیمـەیان دەگـوت (ڕووبەنـد–ڕووبەنـدکردن) و، (جۆشـی تەنەکاری) و (جۆشی تەنە)شیان پێدەگوت.

بـۆ ڕەشـکردنی تفـەنگ تـا ڕەنگـی ڕەش و جـوان ببـێ، چەخماخـسازەکان لوولەیان باش گەرم دەکردو، سەلکەپیازێکیان پێوە دەنا، بەو گەرمییە لێ یان دەخشاند و، بەوە ڕەش دەبوو. هەروەها بە شاخی حەیوان و لبادیش، بەهەمان ڕێگەی پێشوو، تفەنگیان ڕەش دەکرد. جاریش هەبوە بە ڕۆنی حەیوان و بە ڕۆنی ئوتومبیلیش ڕەشیان کردووە. بەڵام بەڕێزان حەمەئاغا و حەسەن داڵاش و سەرکەوتی حەسەن داڵاش دەڵێن: ئەم ڕەشکردنە هەر بۆ ماوەیەکی کەم خۆ دەگرێ. مەسەلەکە هاندانی کڕیار بوو. ئەو تفەنگەی ژەنگاوی بوایە یا خۆرکە لێی بدابایە، پاش ڕنین، ڕەشیان دەکرد، تا چاوبەست لە کڕیار بکەن و بیکڕێ.

بیرمـە خـەڵك زۆریـان لـەم تفەنگانـە لـەلا هـەبوو، بـەڵام کـە لەلایـەن حکوومەتەکانی تورکیا و ئێران و عێراقیشەوە چەك لە کوردستان قەدەغەکراو لە خەڵك ستێندرا، هی وا هەبوو لەژێرو ناو دیوارو نێو ڕەزو باخ و چۆڵەوانیدا دەیانشاردەوە. لەگوندەکەی خۆمان دیومە، کە دیواری زەوییان ڕووخاندووە، تفـەنگی وا دەردەکـەوتن. ڕەنگـە سـەدان سـاڵ پـاش ئێـستاش هێنـدێکی لێ بدۆزرێتـەوە. هـەبوون لـەکاتی وادا کردوویـانن بـە تـەورو داس و شـتی دی. بەداخەوە ئەمڕۆ دانەیەکی لە مۆزەخانەیشدا دەست ناکەوێ. دیارە زۆربوونی تفەنگی نوێ و نـەبوونی هۆشیاریی کەلەپووردۆستی لای خـەڵکی کوردسـتان، بوونـە هـۆی لـەنێو چـوونی تفـەنگی (کرمـانجی). جـێی باسـە، قەدەغـەکردنی تفەنگ لە عێراقدا لە زەمانی مەلیك فەیسەڵی یەکەمدا بوو.

وەکو لەپێشەوە باسمان کرد، حکوومەت زۆر تفەنگی شینکە و حسکەی زەوت کرد لە خەڵك و پاش ماوەیەك دەیخستە ژێر بناغەی بینای حکومی و ژێر دیواریـان تـا ئـیتر دەسـتی خـەڵکی نـەگاتێ، وەك زۆریـان خـستووەتە ژێـر دیوارەکانی بینای بەلەدییەی سلێمانی لەنزیکی حەمامی شێخ مارف. جاریش هەبوە لوولەیان خستووەتە نێو پرد یان سەرپەنجەرەی بینای حکوومی، وەك

سەرپەنجەرەکانی هەندێك لە بینای بەڕێوەبەرێتیی پۆلیسی سلێمانی، واتە سەرای سلێمانی، کە مەحموود پاشای باوکی عەبدوڕڕەحمان پاشای بابان ساڵی ١٨٧١، واتە سێ ساڵ پێش ئاواکردنی شاری سلێمانی دروستی کردووەو خەڵکی شار بەوپەڕی ڕێزەوە تەماشای دەکەن. گوللەی شینکە خڕ بووەو بە قاڵبی ئاسن دروست کراوە: قورقوشم پاش تواندنەوە دەڕژێنرایە نێو قاڵبەکەوەو، هەر قاڵبێکیش جێی بڕێکی تێدا بووەتەوە. کە منداڵ بووم دەمبینی پیاوانی گوندەکەمان گوللەو باروتیان دروست دەکردو گوللەی خڕیان لەدەمی لوولەکەوە دەخستە نێو تفەنگ و قوڕقوشمیان دەکرد. بەڵام خەڵکی ناوچەی (شاخێ)ی هەکاری قوڕقوشمیان لە دەمارە قوڕقوشمێکی گەورەی ئەرزی دۆڵی (کاکان)ی سەر بە گوندی (بیرخۆ)ی باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری (شاخێ) دەردەهێنا. تفەنگی شینکە لە ناوچەی ڕەواندز پێی دەڵێن (تفەنگی ڕەشۆکە) و، بە کرمانجی ژووروو پێی دەڵێن (تفەنگی کرمانجی) و پێشیان وتووە (تفەنگی دانستان)!

داوای لێبوردن دەکەین کە بیرمان چوو بڵێین: هەندێك جار لەکاتی دەوڵەتی عوسمانیدا و کەمێك پاش ئەو کاتەش، وەستا چەخماخسازەکان لە ترسی حکوومەت لە شارەکانەوە دەچوونە دێیەکان و، لەوێ بە قاچاخی کاریان دەکرد تا حکوومەت نەیانگرێ، ئەوکاتانەی حکوومەت تاقیبی دەکردن بۆ ئەوەی تفەنگ دروست نەکەن. کە شۆڕشێکی کورد سەرکوت دەکرا، ئیتر حکوومەتی عوسمانی دەکەوتە تاقیبکردنی وەستاکانی تفەنگ بۆ گرتنیان. ئیتر بۆ ماوەیەك ڕایان دەکرد بۆ دێهات. کە لە عێراقیش ئەم کارە قەدەغەکرا هەندێکیان دەچونە دێهات، بۆ نموونە وەستا ئیسماعیل مستەفای گڵەزەردە لە دێی گڵەزەردەی باشووری سلێمانی، کە نەیتوانی لەبەر ئەم هۆیە لەوێ کاربکات، چووە (سەرگەڵوو) و کاری چەخماخسازی خۆی دەکرد. شایانی وتنە، هەندێك لە چەخماخسازەکان کاری (تۆکمەچێتی)شیان دەکرد!

www.zheen.org

# دروستکردنی تۆپ لە کوردستان

تـۆپ دروسـتکردن لەلایـەن مـیر "محەمەدپاشـای ڕەوانـدزی"یـەوە هاتـە کوردستان‌و، کارگەیەکی زۆر گرنگی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا لە شاری ڕەواندز بۆ دامەزراندو، تۆپی قورس و پچووك و مامناوەندیی بەرهەم دەهێنا. لـە مۆزەخانـەی عەسـکەریی بەغـدا نموونـەی هەرسـێ جـۆریم دیـون. وەستا ڕەجەب ناوی خۆی و محەمەدپاشا و ناوی (عەیار) و مێـژووی لەسەر تۆپەکانی ڕەوانـدز نووسـیون. لەوانەیە هێنـدێك تـۆپی، بەتایبـەت لـە سـەرەتای دامەزراندنی کارگەدا، بێ نووسین هێشتبێتەوە، وەك ئەو تۆپەی لە شاری کۆیـە دیومە و تا ساڵانێکی زۆر بۆ ڕۆژوو شکاندنی ڕەمـەزانان بـەکاردەهات‌و، پـێش ساڵی ١٩٩٠ بـرا بـۆ بارەگـای فیرقـەی ٢٤ لـە سـەربازخانەی چـوارقوڕنە، لای خەڵکی کۆیە بە تۆپی ڕەواندز بەناوبانگە.

مێژوونووسی کورد حسێن حوزنی موکریانی، لەبارەی تۆپی ڕەوانـدزەوە، لە کتێبەکەیدا (امراء سوران) کە کاك محەمەدی مەلا عەبدولکەریم وەریگێڕاوەو وێنەی دوو تۆپی ڕەواندزی نێو مۆزەخانەی عەسکەریی بەغدای خستوەتە ناو، لـە لاپـەڕە ٤٠ دا نووسـیویە: کارگەکـە سـاڵی ١٢٣١ی کۆچـی (١٨١٥-١٨١٦ی عیسایی) لە "کاولۆکان" (ڕەواندزی کۆن) لە یەکـەمین شـەڕی جیهانیـدا لەلایـەن ڕووسەکانەوە وێرانکرا) دامەزرا. لە لاپەڕە ٤٤ یشدا نووسـیویە: سـاڵی ١٢٣٣ی کۆچی کارگەکە کەوتە ئیشکردن و تۆپی دروست دەکرد. بگرە زووتریش تۆپی تێـدا دروسـت کـراوە، چـونکە یـەکێك لـەو تۆپانـەی لـە مۆزەخانـەی عەسـکەریی بەغدایە مێژووی ساڵی (١٢٣٢ی کۆچی)ی لەسەر نووسـراوە. ئـەو تۆپـەیش کـە ئێستا لە ڕەوانـدزە، مێـژووی (١٢٣٠)ی لەسـەر نووسـراوە، یـانی کارگەکە لانـی کەم لە ١٢٣٠ ك (١٨١٤-١٨١٥) کەوتووەتە ئیش‌و لە ئیشکردندا بووە.

www.zheen.org

# ئەو تۆپەی کە ئێستا لە ڕەواندزە

جێگای دڵخۆشی‌یە کە ئێستا تۆپێك لە شاری ڕەواندز ماوەتەوە، جاران لە مانگی ڕەمەزاناندا توپیان پێ دەهاویشت بۆ زانینی کاتی ڕۆژووشکاندن و پارشێویش. تەمووزی ١٩٨٢ کە چووم بۆ ڕەواندز هەندێ کەس پێیان وتم تۆپەکە براوەتە بەغداو، هەندێکیان وتیان لەژێر قادرمەی بەڕێوەبەرێتی‌ی پۆلیسی ڕەواندزە. ئیتر پاش ئەم ساڵە مامۆستا "مەلا ئەحمەدی وەرتی" کە ئیمام و خەتیبی مزگەوتی گەورەو مەلاییێکی ڕۆشنبیر و قسەزان و نەترس بوو، تۆپەکەی لە دائیرەی ناوبراو دەرهێناوە و، لەبەردەمی مزگەوتی گەورەی مەیدانی نێو شار خستوویەتیە سەر سەکۆ(قاعدە)یێکی جوان کە بە چیمەنتۆ بۆی دروست کردووەو، سەرەکەشی بە شێوەی چەتر و پەرژینی ئاسنیشی بۆ کردووەو شاری ڕەواندزی پێ ڕازاندووەتەوە.



ڕۆژی ٦ی ئەیلوولی ١٩٩٠، من و کاك غەفوور جەمیل غەفوورخانی ناودەشتی چووینە ڕەواندز. کاك غەفوور حەزی لە مێژووە و زانیاری‌ی لەبارەی عەشیرەتی ئاکۆوەو شتی دیکەیشی کۆکردووەتەوە. پێوانەی تۆپەکە بەم شێوەیەیە: درێژیەکەی(١,٣٥ م)، ئەستووری دەوری دەمەکەی (٧٤ سم)و

بنکەی ژین www.zheen.org

دەوری بنەکـەی (٨٥ سـم)و ئەسـتووری لای کـونی تیـژی بـارووت (٧٨ سـم)ەو ئەستووری ئاسنی لوولەکەی دەوری (٦سم)و چەقی دەمەکەی (١٠سم)و چوار دوخیش لەسەر لوولەکەیەتی. ئەم نووسینەی خوارەوە لە شێوەی سێ دێڕدا لەنێو نەخشێکی سەر تۆپەکەدا هەیە بە خەتی (ثلث):

((نصر من الله

عمره محمد بيك

عمل رجب سنه ١٢٣))

شایانی باسە، خاڵی نوونی (سنه) و سفری (٣٠) لە مێژوەکەیدا هەردوو کراون بە یەك خاڵ، یانی مێژوەکە (١٢٣٠)ە نەك (١٢٣) کە نمرەییێکی کەمەو، هەڵە نەکەوتووەتە مێژوەکەو ساڵی (١٢٣٠ ك)یش دەکاتە (١٨١٤–١٨١٥) زاین.



نووسینی سەر تۆپی ڕەواندز

بـە پێوانـەکانی تۆپەکـە –وەك نوسـیومانە– دەزانـرێ کـە تۆپەکـە بـە شـێوە بـچووکترە لـە ناوەنـدی. ئەمـەش بـەو چـوار تۆپـەی ڕەوانـدزدا دەزانـرێ کـە لـە

مۆزەخانەی سوپاییدا دیومن لە بەغدا کە یەکێکیان زۆر گەورەیە و دوانیان ناوەندین و یەکیش بچووکە، یانی بچووکترە لەمەی کە ئێستا لە ڕەواندزە.

زانراویشە خەڵکی ڕەواندز دەڵێن: ئەم تۆپە لە ڕووباری ڕەواندزدا دۆزراوەتەوە. وەك زانراوە "سەید تاهای شەمزینی" کە قایمقامی ڕەواندز بووە، بڕێك لە تۆپەکانی ڕەواندز لە ڕووبارەکە دەرهێناوە کە دوور نییە ئەمە یەکیان بێ و، دووریش نییە کاتێ مەحموودپاشا نیازی بووە تەسلیم ببێ، هەندێك لە توپەکانی فڕێدابێتە ڕووبارەکەوە، یان پاش تەسلیم بوونی براکانی فڕێیان دابێ بۆ ئەوەی بیشارنەوە لە دەوڵەتی عوسمانی و لەکاتی پێویستدا دەری بێنن. ئیتر دوای کوشتنی پاشا ئەوکاتەیان بۆ ساز نەبوە.

ساڵی ١٩٦١ بوو، یا ١٩٦٢، گۆڤای (عێراقی نوێ)ی وەزارەتی ئیرشاد گوتارێکی لەبارەی وەستا ڕەجەب و تۆپەکانی ڕەواندزەوە بلاوکردەوە" چەند کەسێکی بەتایبەت لەوانەی لەم گۆڤارەدا کاریان دەکرد، بۆ ئەم مەبەستە نێردرانە ڕەواندز، یەکێکیان کاك فازڵ کەرکووکی بوو، وەك ساڵی ١٩٦٥ بۆی باس کردم. لەوباسەدا وێنەی دوودانە لەو تۆپانەی مۆزەخانەی ناوبراو چاپ کراون: یەکێکیان ساڵی ١٢٤٥ ی کۆچی (١٨٢٩-١٨٣٠) دروست کراوەو، لێی نووسراوە: "نصر من الله و فتح قریب" و "صاحبە امیر المنصور محمد بیك متصرف راوندوز و حریر و کور بن مصگفی بیك. قنگار ٦ عمل رجب سنە ١٢٤٥". ئەمیش وێنەی تۆپێکە کە لەو گۆڤارەمان وەرگرتووە. تۆپەکەی دی لەوێنەکەدا مێژووی "١٢٥٩"ی بەسەرەوە دەبیندرێت. ئەمەیش نیشانەی ئەوەیە کە پاش ڕووخانی میرنشینی سۆران، دەوڵەتی عوسمانی ئەم کارگەیەی خستووەتە گەڕ و تۆپی پێ بەرهەم هێناوە، چونکە لەوساڵەدا کە ١٨٤٣ یە، ڕەواندز لەژێر دەسەلاتی عوسمانیدا بووە و، ساڵی ١٢٥٢ ی کۆچیش (١٨٣٦-١٨٣٧)، بەپێی بەڵگەنامەیەکی نمرە (H. H-22305) ئەرشیڤی عوسمانی لە ئەستەنبووڵ کە لە ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠٠ی گۆڤاری "هەزارمێرد"دا بلاوم کردووەتەوە، بە فەرمانی سوڵتان مەحموودی دووەم کۆتایی بە حوکم و ژیانی

www.zheen.org

محەمەدپاشا هێنراو، ئەم میرە کوردە لای بەندەری ( سامسوون )ەوە فڕێدرایە ناو دەریای ڕەش و خنکێنرا. بەپێی ساخکردنەوەو لێکۆڵینەوەی ئەو دەستەیە لەگەڵ نەوەکانی وەستا ڕەجەبدا: ئەم کارگەیە پتر لە (٢٠٠) تۆپی دروست کردووە و محەمەدپاشا وەستا ڕەجەبی بۆ فێربوونی تۆپ دروستکردن ناردووە بۆ پترسبۆرگ (لینینگرادی ئێستا). بەم پێیە ڕێی تێدەچێ زۆر یا بەشێکی کەرەستەی کارگەیان لە ڕووسیاوە هێنابێ. وەستا ڕەجەب تۆپی بچووکیشی بۆ منالان دروست کردووە، وەك لەو وتارەی "عێراقی نوی"دا ئاماژەی بۆ کراوە.

شوێنی باسە، ئێستاش کەمێك لە دیواری کۆشکی محەمەدپاشا و کارگەی تۆپ دروستکردنەکە ماون کە وان لە قەراغی ڕێگای گشتی و لای باشووری قەدی ئەو باسکەی بەسەر ڕووباری ڕەواندزدا دەڕوانێ و نێزیك پردەکەی لای کاولۆکانە. بیناکە زۆری لێ مابوو، بەڵام بەڕێوەبەرایەتیی ڕێگاوبانی هەولێر، بەهۆی دروستکردنی ڕێگای تازەوە، ناشارەزایانە ڕووخاندی، وەك لە ساڵی ١٩٨٣ دا لە ڕەواندز بۆم ساخ بووەوەو دەزگای گشتیی شوێنەوار و کەلەپووریشم لەوبارەیەوە ئاگادار کردووەتەوە. هەندێ میری دیکەی کورد تۆپی هەبوە، وەك ئەمیرخانی میری برادۆست (خانی دمدم)؛ بەڵام دروستی نەکردووە، بەڵکو پەیدای کردووە.

هەروەها "عەبدوڕڕەحمان پاشای بابان" کۆمەڵە تۆپێکی هەبوە و، لە شەڕەکانیدا دژی دەوڵەتی عوسمانی بەکاری هێناون، بەتایبەت لە دەربەندی بازیاندا، وەك لە (رحلة ریچ، ل٤٢) دا هاتووە. بەڵام ئەوە نەزاندراوە کە میرنشینی بابان کارگەی تۆپ دروستکردنی هەبووبێ.

بەڕێز تاهیربەگی نفووس "تاهیر مەجید بەگی بابان" کە پیاوێکی بەتەمەنەو بیرەوەرییەکی زۆری بەتایبەت لەسەر بابانەکان هەیەو، زانیارییەکی فراوانم بە دەنگی خۆی تۆمارکردووە، دەڵێت: عەبدوڕڕەحمان پاشا تۆپەکانی خۆیی لە(فەڕەنسە) کڕی و، هەتا ئەفسەرێك و دوو فەرنسەییی دیکەیش لەگەڵ تۆپەکاندا هاتبوون بۆ سلێمانی بۆ مەشق

www.zheen.org

پێکردنی هێندێك چەکداری عەبدوڕڕەحمان پاشا لەسەر تۆپەکان. هەروەها گوتی: ئەو تۆپانە لە میرنشینی باباندا هەر مانەوە تا زەمانی ئەحمەد پاشای بابانیش کە سوپاکەیی بەشێوەیەکی نویّ ڕێك خستەوەو عەزیز بەگی مامیی "عەزیزبەگی عەبدوڕڕەحمان پاشا"ی کردە سەرۆکی (مەدرەسەی عەسکەری) و هێزی تۆپچیی هەبوو. مامەیارەیش وەکوو ئاشکرایە ئەفسەرێکی تۆپچیی سوپاکەی ئەحمەد پاشابوو. دوورنیی‌یە ئەو تۆپانەی کە عەبدوڕڕەحمان پاشا لە فەڕەنسە کڕینی، بەڕێگەی ئێرانەوە هێنابنی بۆ سلێمانی، واتە بەدزیی دەوڵەتی عوسمانی‌یەوە، بەتایبەت لەکاتێکدا کە نێوانی لەگەڵدا خۆش نەبووەو نیازی شەڕی هەبوە.

پێشتر عەبدال خانی زاناو بلیمەتی نەوەی شەرەفخانی بدلیسیی مێژوونووسیش کۆمەڵێك تۆپی هەبوە، ڕەمەزانی ساڵی ١٠٦٥ ی کۆچی (١٦٥٥) لە شەڕی نێوان خۆی و تورکەکاندا بەکاری هێناون. عەبدال خان لەو شەڕەدا بیست هەزار تفەنگچی و چل هەزار سواری هەبوە، وەك ئەولیاچەلەبی باسی کردوەو لە سیاحەتنامەکەیدا (لاپەڕە ٢٤٤، ٢٤٦، ٢٦١ی وەرگێڕانە کوردیەکەی).

## دروستکردنی دەمانچە لە کوردستان

دەمانچەی یەك لوولە و دوولوولەش وەك تۆپ و تفەنگ لە کوردستان دروست کراون. دیارە دروستکردنی ئاسانترە. کۆنترین ئاماژەیەکم لەوبارەیەوە دیبێ: دەمانچەکانی شاری دیاربەکرە کە سەدەی حەڤدەهەم لەو شارە گەورەیەی کوردستاندا دروست دەکرا. ئەولیا چەلەبی ئەوسا چووەتە دیاربەکرو، لەبابەت سنعاتە پێشکەوتوەکانی و وەستا چەخماخساز و ئاسنگەرو مسگەرو نەخشکارەکانیەوە لە لاپەڕە (٤٩)ی سیاحەتنامەکەیدا وای نووسیوە:((لە دیاربەکردا ئەو شیرو دەمانچە و قوڵنگ و تەورو تەوەرزین و

www.zheen.org

خەنجەرو ڕمب و نووکەتیرانەی دروست دەکرێن لە دنیادا بەناوبانگن، ئاسنگەرو وەستاکارو مسگەرەکانی لەکاتی کارکردندا چەکوچەکانیان لەسەر ئاوازی مۆسیقا دادەوەشێنن و، مەقامی سێگاو حوسێنی و ئیدیکەی پێ لێدەدەن و خۆشیان لەگەڵی دەڵێن، هەرکەس گوێی لێ بێ پێی ڕۆیشتنی نامێنێ، مزگەرەکانیان لە دروستکردنی قاپەکاندا و زێڕنگەرەکان لە کاری زێڕو بەردی بەنرخدا بێ وێنەن و وەستا قەڵەمکاریان لە وێنەو نیگارکێشاندا پێش (مانی) و (بەهزاد) کەوتوون)).

حسێن حوزنی موکریانی لە لاپەڕە (٤٠)ی (أمراو سوران) دا گوتوویە: محەمەدپاشا (خان گلیدی) ی وەستای چەخماخسازی لە ورمێ (ئوورمیە) وە بۆ ڕەواندزی پایتەختی میرنشینی سۆران هێنا بۆ ئەوەی دەمانچە و خەنجەری بۆ دروست بکات. ڕۆژی ١٩٨٥/٤/١٦ بۆ سۆراخی دەمانچە دروستکردن لە کوردستان، چوومە لای مامۆستایانی بەڕێز مامۆستا ئەحمەد خواجە و تاهیر بەگی نفووس و، لە "حەسەن دالاش"یشم پرسی، گوتیان: لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەمانچەی یەك لوولە و دوولوولە لە سلێمانی دروست دەکران، بەڵام نووسین و نمرەیان بەسەرەوە نەبوو. چەخماخسازی شارەزایش "حەمە ئاغای ئەحمەدی مەحموود ئاغا"ش هەمان قسەی کردو، گوتیشی : هێندێك دەمانچەی سلێمانی چەند پیتێکیان لەسەر هەڵدەکۆڵدرا، گەرچی پیتی ڕاستەقینەیش نەبوون بەڵام هەر لەو شێوەیەدا بوون و لاساییکردنەوە بوون. کەسانێکی دیکەیش کە ناویان لە پەراوێزی ئەم باسەدا هاتووە، دووپاتیان کردەوە کە دەمانچەی سلێمانی نووسینی بەسەرەوە نەبوە. ئەو سێ کەسەی یەکەم دەڵێن : دەمانچەی یەك لوولە و دوولوولەش لە سلێمانی دروست دەکران، بەڵام حەمە ئاغا دەڵێت : هەر یەك لوولە و، هەرچی دوولوولەیش بوو سنعاتی (کرماشان) بوو و، لە سلێمانی دەیانکڕی. ناوبراوان هەموو هاودەنگن لەسەر ئەوە کە ئەو دەمانچانەی نمرە یا نووسینیان پێوە نییە سنعاتی نێوخۆن و خۆماڵین. بەڕێز نوسەری زۆر بەتەمەن محەمەدسەعید بەگی برای

شەهید علی سەلیم بەگی جافی کەلاری کە بیرەوەرییەکی زۆر بەنرخیمان تۆمار کردووە، دەڵێ لە سلێمانی دەمانچە دروست کرا و لە دەمەکەیەوە گوللە دەخرایە ناوی و پێیان دەوت (قەرەبینە) و ئاڵقە بە دەسکەکەیەوە هەبوو و بە زینی هەسپەوەش دەکرا و زۆر کاریگەر و ورد بوو، بۆ نموونە "ئەحمەدبەگی وەلەدبەگی جاف" جارێك لەگەڵ تاقمێکدا دەچێتە دەربەندیخان، لەڕێگا پڵنگێك پەلاماری دەدات و خەریك دەبێ هەسپەکەشی بکەوێ، پیاوەکانی ڕایانکردووە بەڵام ئەحمد بەگ خوی تێك نەدا و دەمانچەکەی لە زینی هەسپەکەی دەکاتەوە و گوللەیەك لە پڵنگە دەداو دەیکوژێ، ئەوجا پیاوەکانی دێن. ئەویش دەریاندەکات و دەڵێ کەستان لەدوای من نایەن، ئایا دەبێ هەر پشیلەیەك پەلاماری من بدات ئێوە ڕاکەن؟ دەڵێ ئەحمەد بەگ زۆر بەهێز و ئازا بووە و، ئەوکاتە ڕمیش مابوو و ڕمی لەپشت ملی بەراز داوە و لەبن ملیی دەرهێناوە.

دیسان دەربارەی دروستکردنی دەمانچە لە سلێمانی زانیاریم بەدەنگی "مەلا قادری نانەوا" تۆمار کردووە کە کاتێ شێخ مەحموودی نەمر لە هەورامان بووە، نانەوای شێخ بووە، مەلا قادر دەڵێ : لە سلێمانی دەمانچە دروست دەکرا، وەك دەمانچەی کرماشانی کە لوولەکەی لە کرماشانەوە دەهات و پێنج گوللەی دەخوارد " جۆرێکی دوولوولەش لە سلێمانی دروست دەکرا کە وەك تفەنگی حسکە گوللەی لەدەمەوە دەخرایە ناو و کەپسوولێك لای پەلەپیتکەکەیەوە هەبوە و پێی تەقێنراوە.

تا نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمیش لە شاری (بانە)ش دەمانچە دروست دەکرا. ڕۆژی (٢٢/١/١٩٩٠) بیرەوەریەکانی ئەم بەڕێزە تەمەندارا نەم تۆماکرد لە سلێمانی: ڕەشیدبەگی فەرەج بەگ و ئەحمەد بەگی حەمەکەریم بەگی کاذیهەرمێ و ئیبراهیم بەگی برای حەمەڕەشید خان کە هەرسێ لە بەگەکانی (بانە) ن. کاتێ باسی کوشتنی "مستەفا بەگی نائب" ی بانەییم کرد لەلایەن یەکێك لە کوڕانی یوونس خانی برایەوە ساڵی (١٨٩١) کە هەر لەوکاتەدا یوونس خانیش کوژرا، ئەم بەڕێزانە وتیان مستەفا بەگ بە

دەمانـچەی دوولوولـە کـوژرا کـە لـە بانـە پێـی دەڵـێن (دەمانـچەی ڕەشـۆکی). هەروەها وتیان ئەم دەمانچە دوولوولانە لە شارەکانی خۆمان و هەتا لە شاری (بانە)یش دروست دەکران.

لە شاری سابڵاخ (مەهاباد)یش، دوای یەکەم جەنگی جیهانی، دەمانچەی دوولوولە دروست دەکرا و، تفەنگی شینکەیش یەکێك لە وەستاکانی وەستا فـەتحوڵڵا تۆکمەچـی بـوو، وەك ئایـاری (١٩٩١) لـە ڕۆژانـی کـۆچ وڕەوی دوو ملیۆنی کورددا کە لـە سلێمانی‌یـەوە ڕامـانکردە شـاری مـەهابادی پایتـەختی زووی کۆماری کوردستان، زانیاریم لـە وەستا محەمـەد محێدینی نـەوەی لـە شاری مەهاباد وەرگرتـووە کـە تەمـەنی دەوری هەشـتا ساڵە. وەستا "ڕەحمان کەوگیر"یش یەکێك بووە لەو تۆکمەچییە وەستایانەی مەهابادی ڕەنگین. دوو نمونەی دەمانـچەم دیـون، وەك تفەنگی شینکە، لەدەمـەوە گوللـەیان دەخرێتـە لوولەوەو وەسفی هەردوکیان ئەمەیە:

یەکەمیان: یەك لوولەیە و، وا لە مۆزەخانەی ئەتنۆگرافیی سلێمانی. کاك ئازاد عەبدولواحیدی لێپرسراوی ئەوسای مۆزەخانە دەڵێت: ئەم دەمانچەیەمان لـەکاتی لێپرسراوی پێشووتر "کاك فاروق حەفید"دا لە پیرەژنێکی بنەماڵەیـەکی شێخانی بەرزنجە کڕی، دەیگوت: ئـەم دەمانـچەیە لای بنەماڵەکـەمان بـەنرخ بـووە، چـونکە هینـی "پاشای کۆرە" بووە، واتـە سنعاتی ڕەواندزە. دەمانـچەکە یـەك لوولـەیەو، نـەخش و نووسـینی بەسـەرەوە نی‌یـە، بـەڵام دارەکـەی بەسـەدەف و سـیمی زیـو نەخش کراوەو، دیمەنێکی زۆر جوانی هەیە.درێژی دەمانچەکە هـەمووی (٥٠سم)ە و، درێـژیی لوولەکـەی بـە تـەنیا (٢٦ سـم)ە. جگـە لـە (زمانـە)کـەی کـە زیادەیـە بەبنەکەیـەوە تـا بـە جـەڕ (برغـوو) لـە دارەکـەی قایم بکرێـت و درێـژی (٣,٥ سـم)و ئەسـتووریی ئاسـنەکەی (١,٥ ملـم)ە. دارەکـەی بەدرێـژاییی لوولـە هـاتووەو، لـە دارگوێزە. ئاسنێکی گومەزیی نەخشدار بەبنی دەسکی دەمانچەکەوەیەو، ئاسنێکی دیکەی وەك گۆی مەمکیش بەبنی ئەم ئاسنەی پێشووەوەیە. (پاشماشە)کەیشی، واتە کەوانەی ژێر پەلەپیتکەکە، پەلەپیتکە دەپارێزێ. ئاسنێکی زەردی بە دوو ڕیز

نەخشی نیوەپاقڵاوەیی (نصف معین) نەخش کراوەو، ئاسنێکی زەردی نەخشداریش وا بەلای چەپیەوە تا (کەوانە و تەختە)ی لەلای ڕاستەوە بە برغوو پێوە توند بکرێت.

داری دەمانچەکەش بە هەشت ڕیزە نەخش و بەم شێوەیەی خوارەوە ڕازێندراوەتەوە: هەر تەنیشتێکی دەسکەکەی بە دوو ڕیز نەخش نەخش کراوە" ڕیزێکیان سیمی زیویە و شێوەی گیای لاولاوی هەیەو، ڕیزەکەی دیکەیش سەدەفە و چوار چوار لە شیوەی نیوە بازنەدان. هەروەها هەرلایەکی دەمانچەکە دوو ڕیز نەخشی دیکە لە سیمی زیوی و سەدەف بەسەر دارەکەیەوەن، وەك ڕیزە نەخشەکانی دەسکەکەی. ئەمەش وێنەکەیەتی:



چەخماخەکەی وەك هی تفەنگی شینکەیە، یانی تەقینی بەهۆی ئەستێ و بەردەستێی تێژەوەیە. برغوویەکی سەرخڕ وا بەسەر چەخماخەکەیەوەو، بەدەرستێ دەخرێتە ژێر تەنیشتی برغوەکەی. بەڵام بۆ ئەوەی بەردەستێ نەشکێ، پارچە چەرمێکی دەخرایە ژێر و یەکێکی دیکەیش دەخرایە سەری، واتە دەخرایە نێوان دوو پارچە چەرمەوە. (ئەستێ) بەرانبەر بە (چەخماخە)کە

قنج بووەتەوە و پارچە ئاسنێکی پۆڵایە لەنێوان هەردوو ناوەستێ (فیزدان)دا و دەکەوێتە بەر کونی پچووکی تەنیشتی لوولە، یانی (کونی تێن). تێزی باروت دەخرێتە سەر ناوەستێ. کە چەخماخەکە لە (ئەستێ) دەکەوێ، لەو (بەردەستێ)یەوە پریشکی ئاگر پەیدا دەبێ و، گڕ دەنێ بە بارووتی سەر (ناوەستێ) وەو، لەویشەوە گڕ لە کونە پچووکەکەوە دەگەیێنێتە بارووتی نێو لوولە و دەتەقێ و وەك تفەنگی شینکە گوللە فڕێ دەدات. گومان لەوەدا نییە کە ئەم دەمانچەیە چەشنێکی گرانبەهایە. مخابن ئەم دەمانچەیەی سنعاتی کارگەی چەکسازیی محەمەدپاشای ڕەواندزی، لەگەڵ زۆر شتی عەنتیکەی مۆزەخانەدا، لە ڕاپەڕینی ١٩٩١دا لەلایەن مامۆستایەکی خەڵکی قەڵادزێ و ئامۆزاکەیەوە بەتاڵان برا.

دەمانچەی دووەمیان: دوو لوولەیەو، هی یارئەحمەد "مامەیارە"ی تۆپچیی لەشکری ئەحمەد پاشای بابانە. مامەیارە، یار ئەحمەدی خدربەگی هۆمەرئاغای وەندەرێنە وەجاخکوێر بووە. بۆیە هەرچیەکی هەبووبێ، داونی بە ئەحمەد ئاغای سلێمان ئاغا (ئەحمەد ئاغای گۆساڵە) ی برازای. ئەم دەمانچەیەو قوتوە جگەرەکەی و کتێبێکی شیعری فارسیی چاپکراو کە هی مامەیارەن، ئێستا وان لای ژن و منداڵەکانی خوالێخۆشبوو حاجی سابیری ئەحمەدئاغا کەماڵەکەی لە سلێمانییەوە بردۆتە کەرکووك و ساڵی ١٩٨٤ کۆچی دوایی کردووە. خوالێخۆشبوو بە ژنەکەیی گوتووە: باوکم وتوویە ئەم شتانە هی مامەیارەن و لە منداڵەکانی خۆمم خۆشتردەوێن و بیانپارێزە. هەروەها دەستەجلێکی ئەفسەری یا تۆپچیەتیی مامەیارەیشیان لەلا بووە کە نیشانە و شتی وای پێوە بووە.

ساڵی ١٩٧٤ کوڕێکی ڕووناکبیر، کە نیازی بووە لەسەر مامەیارەو پاشماوەکانی کتێبێك دابنێ، دەستەجل و دەمانچەیەکی دیکەی مامەیارەی لەگەڵ خۆیدا بردۆتە شاخ و بووە بە پێشمەرگەیێکی دڵسۆزی کوردستان.

پێدەچێ شـەهید بووبـێ، چـونکە ئـیتر نەگەڕایـەوە و دەنگوباسـی نـەماو، لەوسایەوە ئەوشتانەیش بێسەروشوێن بوون.

سـەعات حـەوتی شـەوی ٦\٧ی نیسانی ١٩٨٥ کاك ئـەکرەمی مـەحموودی ساڵحی ڕەشەو کاك کامەران جەلال ئەمین دەمانچە و کتێبە دەستنووسەکەیان بۆ هێنام تا بیانبینم و وێنەیان بگرم و لەبارەیانەوە بنووسم. گوتیان: دوێنی بـە ئەمانـەت لـە کەرکووکـەوە هێناومـانن. ئـەوەبوو هێنـدێکی دەستنووسـە پەڕپووتەکەم لای خۆم گلدایەوەو چەند وێنەیەکی دەمانچەکەم گرت و، چەند پێوانەیەکیـشم وەرگـرت کـە بـەم جۆرەیـە: درێـژیی (٤٠ سـم)، ئەسـتووریی لوولـەی(١١سـم)، ئەسـتووریی دەسـکەکەی (١٢ سـم)، درێـژیی دەسـکەکەی(١٦ سم)، درێژیی زامنەکەی (٥,٥سم).



دەمانچەی دوولو ولەی مامەیارەی

فەرماندەی تۆپچی ئەحمەدپاشای بابان

دەمانـچەکە دوولوویـە و، دوو چـەخماخ و دوو پەلەپیتکـەو دوو کەوانـەو تەختـەی هـەن. نەخـشێکی مـەکۆیی (اهلیلجـی) لەسـەر دەسـکەدارەکەی هەڵکۆڵدراوەو، لـە ناوەڕاستی نەخشەکەدا ڕیزە نەخشێك بـە درێژی و لـە ١٦ خاڵی زیویدا هـەن و، پارچـە زیـوێکی کـەمێك گـەورە وا ناوەڕاسـتی ئەوانـەدا. چـەند نەخـشێکی گیـایی بەسـەر کەوانـەو تەختـە و چـەخماخ و دووکلکـە و پاشماشـەکەیەوەن. کـونی برغـووی کلکـی سـەرەوەی نەخـشێکی تیرۆژیـی بەدەورەوەیـە. دەمانـچەکە دوو (کلـك)ی هـەن کـە دەسـکەدارەکەیی بـە برغـوو لەنێوانیاندا قایم کراوە. ئەم دوو کلکە ئاسنەی دەمانچەکە هەر بۆ ئەم مەبەستە کـراوەو، دوو پارچـەن لـە کەوانـەو تەختـە. ئاسـنێك وا بـەبنی دەسـکەکەیەوەو ئاڵقەیەکیش بەو ئاسنەوەیە.

لەڕووی شێوەوە، ئەم دەمانچە دوولوولەیەی مامەیارە جیاوازە لـە جۆری یەکـەم، چـونکە وەك لەوێنەکانیـشدا دیـارە، ئەمـەیان دوولوولەیـەو، لوولـەکان ڕووت و بـێدارن و هـەر دەسـکەکەی دارە. ئەگەرچـی وەك هـی جـۆری یەکـەم لەلوولـەوە گوللـەی تـێ دەکرێـت، بـەڵام ئـەم لـەباتی ناوەسـتێ وەك ساچـمەزەن (مەمە)ی هەیەو تەرەقە دەخرێتە سەر دەمی مەمـەو چەخماخی بەر دەکـەوێ و دەتـەقێ، نـەك بـە ئەسـتێ و بەردەسـتێ و تێـز. چەخماخەکەشـی (کەڵەشـێر-چـەکوچ) لەگـەڵ هـی دەمانـچەی یەکەمـدا کـەمێك جیـاوازیی هەیـە، لـەوەدا کـە لـەنێوانی هـەردوو لوولەکـەداو لـە هـەردوو تەنیـشتنەوە (دووخ) ێکـی لێ دراوە، واتە شریتە ئاسنێك، بۆ ئەوەی درزی نێوانی هەردوو لوولە دیار نەبێ.


بنکەی ژین
www.zheen.

# هەندێك لە ئامێرەكانی چەخماخسازی

كاری چەخماخسازی (تفەنگسازی) پێویستی بە كومەڵە ئامێرێك هەبوە، لەوانە : دەزگا (سندان)، چەكوچ، گیرە، قەڵەمی ئاسن، گاز بۆ گرتنی ئاسنی گەرم، گیرەی دەست، مەتە، ئامێری ڕنین و هەڵكەندنی دار، مقەستی تەنەكەبڕین، ئامێری چەخمەكردن، پەرگال (فرجال)، بڕبەند، درەوشە بۆ كونكردنی دارو چەرم، دەرنەفیس.

لە مۆزەخانەی ئەتنوگرافیدا تاقمێكی چەخماخسازی هەیە، هی چەخماخساز شێخ حەسەن شێخ عەبدوڵڵا شێخ سەلامە[1]!! بۆ ناسینی هەر ئامێرێكیان و وەزیفەكەی "خاڵە حەسەن داڵاش"م برد بۆ مۆزەخانە بۆ ئەوەی هەریەكیان بە ئێمە بداتە ناسین، چونكە ئەوی كاری چەخماخسازیی نەكردبێ، هەندێكیان ناناسێ. وێنەی پارچەكانی تاقمەكەم گرت. وا لێرەدا چەند وێنەییێكی ئەو پارچە(ئامێر)انە دەهێنینەوە كە هەریەكیان وێنەی چەند دانەیەكیانە بەپێی زنجیرەی ئەو ژمارانەی ژێر وێنەی هەریەكیان لەسەر ئەم وێنانە باسیان لێ دەكەین:

١- گیرەی گەورە کە جەڕە بۆ گرتن و توندکردنی شت بۆ ئەوەی وەستا کاری لێ بکات.

٢- گیرەی دەست: گیرەییێکی بچووکە، دروستکردنی زۆر ئاسانە بۆ گرتن و توندکردنی ئاسن وشتی بچووکە بەدەست بۆ ئەوەی وەستا کاری لەسەر بکات. سوودی بۆ چەخماخسازو بۆ چەقۆگەریش وەك دەڵێن لە گیرەی گەورە کەمتر نییە.

٣- کۆمەڵە قەڵەمێك.

٤- چەکوچ.

٥- دەزگا (سندان). لە وێنەکەدا چەکوچ و دەمەتەشوێیەکیش هەیە.



بنکەی ژین
www.zheen.org

تاقمی چەخماخسازی شێخ حەسەن

١. گیرەی گەورەی ناو جەڕ ٢. گیرەی بچووك

١- ئامێرێکە سەری کونە بۆ خاوکردنەوەی بورغوو.

٢- دەرنەفیزێك چاڵکەێیك لە دەسکەدارەکەیدا هەیە، دەخرێتە سەر کلکەئاسنی (مەتە) بۆ ئەوەی بەهۆی ئەمەوە بەدەست وەستاوە هێز بخاتە سەر مەتە تا ئاسن کون بکات.

٣- مەتە: ئامێرێکی بچووکی زۆر بەکارە، دەسکەکەی دارە، سەرەکەی ئاسنێکی پۆڵای تیژە بۆ کونکردنی ئاسنێکی سووك، واتە زور گەورە وئەستوور نەبێ، بەکاردێ. چەخماخسازو چەقوگەریش (کەوانە و مەتە) یان بەکاردەهێنا. مەتە، ئاسنێکی پۆڵای تیژە، ئاسنێکیش بە کلکیەوەیە. کەوان گۆچانێکی داری پچووکە، قایشی پێوەیە، قایشەکەی دەخرێتە دەسکەدارەکەی مەتەوە و، دارێکی وەك قەپاغیش کە چاڵێکی پچووکی هەیە، دەخرێتە سەر کلکەئاسنەکەی مەتە و، قەپاغەدارەکەیش دەخرێتە ژێر چەناگەی چەخماخساز تا بە چەناگەی هێز بداتە سەر مەتەو بە گۆچانیش مەتە بسووڕێنێتەوە. سەرە تیژەکەی دەخرێتە سەر ئەو ئاسنەی کە دەیەوێ کونی بکات و، دەیسووڕێنێتەوە تا کون دەبێ، یان لەجیاتی قەپاغە دارەکە، دارێکی دیکەی وەك دەسکی شتێك کە چاڵێکی پچووکی هەیە، دەخاتە سەر کلکە ئاسنەکەی مەتەو بەدەست ئەو دەسکەدارە دەگرێ و ناوچاوانی دەنێتە سەر ئەو دەستە و بەسەری هێز دەخاتە سەر مەتەو قایشی گۆچانەکەی مەتە دەسووڕێنێ. هەمان ڕۆژ (١٩٨٩/٩/٢٦)، وەستا حەمەساڵحی وەستا غەریبی وەستا عەبدولکەریمی وەستا عەبدولمەجیدی تەوێڵەیی کە چەقۆگەرە، لە دووکانەکەیدا لە سلێمانی ئیشی بە (مەتەو کەوان) کرد تا بەچاوی خۆم بینیم. مەتەو کەوان ئامێرێکی کۆنی چەخماخسازەکان و چەقۆگەرانیش بوو. وەستا غەریب هێندێك شتی لەم بابەتەی پێشان دام، لەگەڵ مۆرە وردەکەی وەستا عەبدولکەریمی باوکیدا کە دەینا بە کارە ئاسنە دەستکردەکانی خۆیەوە و، لەسەری نووسراوە (معمل هورامان). مەتە و کەوانێکی دیکەشم لەگەڵ وەستا عەبدوڵڵا وەستا ڕەسووڵ وەستا بەکر دیت لە دووکانی چەقوگەریی وەستا بیلال ئەسکەندەر کە

www.zheen.org

دووکانەکەی تەنیا هی دروستکردنی چەقۆی کوردیەو، لەسەر دەستووری کوردەواری شاخی حەیوان بۆ دەسکەکانیان بەکاردێنێ.

٤- ئامێری (چەخمە): ئەم ئامێرە وەك لەوێنەدا دیارە سەری تیژە و لە پۆڵاشە. چەخماخساز شێخ حەسەن عەبدوڵلا شێخ صالح، یان یەکێکی دیکە میلی تفەنگی (داداش)ی ڕووسیی کردووەتە دەسك بۆ ئەم ئامێرە.

٥- ئاسنێکی تیژی سێ سووچە، نێوان سووچەکانی قووڵە بۆ هەڵکەندنی دار بە شێوەیەکی باریك. ئامێرێکی دیکەی گەورەتر لە نێو تاقمەکەدا هەیە ناوەکەی دۆڵە و سەری مەیلەوپان وتیژە بۆ هەڵکەندنی داری تفەنگەو، جێگای بۆ لوولە لە دارەکەدا پێ دروست دەکرا.

٦- قەڵەم.

٧- گاز بۆ بڕینی چەرم.

٨- بڕبەند.




١- قاڵبی گوللەی سەرتیژی تفەنگ. دەمی ئەم قاڵبە کراوەیە.

٢- قاڵبێکی دیکەی وەك ئەوە. قاڵبەکە ئاسنەو لە دوو پارچەیە، لێك نێرومێ دەکرێن. کە قورقوشمی توێندراوە خراوەتە نێو قاڵبەکە، وشك بووەتەوەو بە دەسکەکەی هەردو پارچەی قاڵب لێك دەدرێ و گوللە بەردەبێ. ڕۆژی ١٩٨٩/١٢/٦ لەلای چەخماخساز حەمەئاغای ئەحمەدی مەحموودئاغا کە ساڵی ١٩٣٠ لەدایك بووە، قاڵبێکی گوللەی دەمانچەی (تۆپلی)م دیت کە بۆ یەك گوللە بوو. هەروەها قاڵبێکی تەرەقەم لەلای دیت، قاڵبەکە ڕووسی بوو، چونکە وشەی (روسی) بەخەتی عەرەبی لەسەری دیار بوو. قاڵبەکە لە ئاسنێکی ڕەنگ زەردە دوو کونی تێدایە، کونە گەورەکە بۆ تێخستنی تەرەقەیە بۆ نێو بنی فیشەکی تفەنگ. حەمەئاغا دەیکات بە تەرەقەی فیشکی تفەنگی (ماوزەڕ). کونە بچووکەکە بۆ تێخستنی تەرەقەی دەمانچەیە. جێگای دەرهێنانی تەرەقەی لەفیشەکیشدا تێدایە. بەکوردی بەم قاڵبە دەڵێن "قاڵبی تێخستن و دەرهێنانی تەرەقە".

## قاڵبی دروستکردنی تەرەقە:

وەستا حەمەئاغا قاڵبێکی سێهەمی پێشان دام، دوو کونی لە ناوەڕاستی تەختە ئاسنەکەیدا هەیە بۆ دروستکردنی تەرەقەی تفەنگی تورکی. لەهەمان کاتدا بۆ بڕنەویش دەبێ، چونکە هەردوکیان یەك تەرەقەیان بۆ دەبێت. کونی دیکەشی بۆ دروستکردنی تەرەقەی تفەنگی ئینگلیزی دەبوو. دروستکردنیش بەم شێوەیە بوو: پارچەیێکی بچووك لە (زەرد) دەخرێتە سەر کونەکە و بە ئاسنێك کە لە ناوەڕاستی قاڵبەکەدایە کە بە بادان ئیش دەکات و، لەو پارچە زەردە دەدات و دەچێتە نێو کونەوەو دەبێتە تەرەقە. پاشان ئەم تەرەقەیە پڕ دەکرێ لە پۆتاس و زەرنیخ و هەردوو بە تەڕی تێکەڵ دەکرێن و دەمی تەرەقە بە وەرەقی سرێشکراو یا وەرەقەی نێو پاکەتی جگەرە دەگیرێ و بە قاڵبی تایبەتی وەك باسمان کرد دەخرێتە بنی فیشەك. حەمەئاغا ئەم قاڵبەی دروست

www.zheen.org

کردووەو، ئەم تەرەقەیەش بۆ ساچمەزەن نابێ. دوو کونی دیکە لەمسەرو ئەوسەری قاڵبەکە هەیە، بەڵام هیچ نین.

٣- پێ دەچێ ئەمە قاڵبی دروستکردنی بزماری ناڵی ولاغ بێ. وەستاکان ئەم جۆرەیان دروست دەکرد، چونکە بزمار هەندێك جار دەست نەدەکەوت. ئیتر خۆیان بزمار یان ئاسن دروستیان دەکرد. ئاسنێکیان سوور دەکردەوەو بە چەکوش باریکیان دەکرد و سەریان دەخستە نێو کونەکە و ئەو میقدارەیان دەبڕی و سەریان پان دەکردەوە، وەك حاجی ڕەحیم نەجمی نەوەی حاجی فەرەجی چەخماخساز دەڵێ. ئەگەر ئاوابێ، ئەم ئامێرە هی چەخماخسازی نییە.

٤- گاز.

٥- مقەست بۆ بڕینی تەنەکە.



١- درەوشە. ٢

- بڕبەندی سێسووچ بۆ ئاسن.

٣- پێ دەچێ جۆرە درەوشێك بێت.

٤- بڕبەند؟

٥- ئامێرێکی وەك داسێکی بچووکە، نەزانراوە بۆچی بەکاردێ بەڵام لەبەرئەوەی دەمەکەی تیژ نییە، پێ دەچێ بۆ ڕاکێشانی شت بێ.

٦- بڕبەندێکی بچووك.

٧- درەوشە.

٨- ئامێرێکی گەورەیە تیژ نییە، سەری دووفاقە بۆ قرتاندنی شریتی کانزاییە، وەك قەیدی تۆپی قوماش کە تۆپە قوماش بە شریتی کانزایی دەپێچرا و توند دەکرا. بەمەیان دەوت (قەید). دووکاندار قەیدەکەی بەم گازە دەقرتاند. جا ڕەنگیشە بەکەڵکی چەخماخساز هاتبێ لە هەندێ ئیشوکاریدا و پێی دەڵێن (گاز)، یانی جۆرە گازێکە.

٩-ئامێرێکە دەسکەکەی دارە، سەرە دووفاقەکەی تیژە بۆ پاککردنەوەی جێگای تەرەقەیە لە فیشەکدا.

١٠- هەمان جۆرە ئامێرە بەڵام بچووکترەو، دەبێ بۆ پاککردنەوەی جێگای تەرەقەی فیشەکێکی بچووکتر بێ.



بنکەی ژین
www.zheen.org

١. درەوشە.

٢. بڕبەندی سێ سووچ بۆ ئاسن.

٣. ڕەنگە جۆرە درەوشەیەك بێ

٤. بڕبەند.

٥. شێوە داسێکی بچووك، تیژ نییە.

٦.بڕبەندێکی چکۆلە.

٧. درەوشە.

٨. گازی قرتاندنی شریتی کانزاییی وەك قەیدی تۆپی قوماش.

٩. ئاسنێکی سەر دووفاقی تیژ بۆ پاککردنەوەی تەرەقە لە فیشەکدا.

١٠. هەمان ئامێر.

بنکەی ژین
www.zheen.org

# دروستکردنی بارووت

بەمندالّی کە دەچووینە نێو ئەشکەوتەکان، یاریمان بەو (شۆرە)یە دەکرد کە وەك لۆکە سپی و جاروبار زەرد بوو، لە قەراغی ئەشکەوت و نێزیك و ژێر پەیینی ئاژاڵ و دەوری پارچە تەپاڵە دروست دەبوو و، ئێمەیش کۆمان دەکردەوەو، ئاگرمان تێبەردەداو، وەك بارووت گڕی دەگرت. جاران تفەنگدارەکان پەیینی نێو ئەشکەوتیان لەت لەت دەکردو، بە لەتی تاڕادەیەك گەورە هەڵیان دەکەندن و، هەر لەلاجێی خۆی دەیانهێشتنەوە تا هەواو شێی تەڕی بچێتە بن لەتەکان. ئیتر بەوپێیە لەژێر ئەو لەتانە، واتە بنی ئەشکەوت، (شۆرە) "نیتراتی سۆدیۆم" دروست دەبوو و، پاش ماوەیەکی سێ مانگی یا پتر دەبوە چینێکی شۆرە و هەڵیاندەکەندو کۆیان دەکردەوە. جا پەیین تا کۆنتر بووایە، واتە چەند ساڵێك لەنێو ئەشکەوتدا بمابایەوە، زووترو باشتر شۆرەی لێ پەیدا دەبوو. ئەشکەوتی نێزیکە دێی وا یا لەشاخدا هەبوە کە شوانەکان پایزانی درەنگ و زستانان مەڕیان تێ دەکردن و کەس بیری نەدەهات جارێکیش پاك کرابێتەوە. ئەوسا شۆرە و گۆگرد (کبریت) ی زەرد، ئەمەیان لە شاران دەکڕی یا لەو جێیانەی کوردستان دەریاندەهێنا کە گۆگردیان تێدابوو، هەردوکیان لەگەڵ خەڵووزی داری (بی) دا تێکەڵ دەکرد کە خەڵووزێکی زۆر سووکە، لەسەر (بەردی بارووت هاڕین)دەیانهاڕین و، جاروبار تاقی‌یان دەکردەوەو کەمێکیان لێ دەخستە سەر قاقەزێك و ئاگریان تێ بەردەدا. ئەگەر قاقەزەکە لەگەڵیدا بسووتابایە، ئەوە مانای ئەوەبوو بارووتەکە جارێ باش دروست نەبوە. بۆیە پتر دەیانهاڕی و، جارێکی دی تاقی‌یان دەکردەوە، ئەگەر قاقەزەکەی لەگەڵدا نەسووتابایە، ئەوە جۆری بارووتەکەی باش بوو. دیومە هێندێك جار لە گوندەکەمان (ژنگا حاجی‌عەلیان) لە بۆتان لەسەر دەست تاقی کراوەتەوەو، بە شقارتە یا ئەستێ و بەدەرستێ (ستەو بەردەستە–بە کرمانجیی

www.zheen.org

ژووروو) ئاگریـــان پێــوە دەنــاو، بارووتەکــەیش خێــرا ئــاگری دەگــرت و، دادەگیرساو، دەستی کابرای نەدەسووتاند.

ڕۆژی ۱۹۸۹/۷/۲۲ جـارێکی دیکـە چـوومەوە لای وەسـتا قـاردی وەسـتا مـەحموودی وەسـتا ئۆمـەر (ی وەسـتا مستەفای ئۆمـەری وەسـتا عەبـدوڵڵا) ی سەرگەڵوو لە گەڕەکی (مەجیدبەگ)ی سلێمانی و، بڕێك پرسیاری دیم لەسەر تفـەنگ و بـارووت دروسـتکردن لێ کـرد. ئـەم برادەرانـەش لـەوێ ئامـادەبوون: حاجی عەبدڵڵا مستەفای عەبدوڵڵا باسنەیی، عەبدوڵلای مەجید فەیزەی خەڵکی (زێوێ)ی چوارتا، ئەحمەد ساڵح خدری ژاژڵەیی،هەموو گوندنشین و شارەزای باروت دروستکردن بوون. زۆر سوودم لێ وەرگرتن، بەتایبـەت لـە کاك ئەحمـەد ساڵح کە جارێکیان لە کاتی باروت دروستکردندا دەستی سووتاوە.هەموو دەیـانگوت: شـۆرەمان لـشاران دەکـڕی، چەرچـی دەیانهێنـا. گۆگردیـشمان بـەو جۆرە دەست دەخست. چەرچی بە کێشی (هێلکە) دەیانفرۆشت، واتـە سـەنگی هێلکەی مریشك  پشت پێبەستراو بوو، نەك کیلۆ و نیوکیلۆی ئاسن. ئەوەبوو کێشی حەوت هێلکە شۆرەو یەك هێلکە گۆگرد و یەك هێلکە خـەڵووزی (داربـی) مان تێکەڵ دەکرد. واتە بڕی هەریەکە لەو کەرەستانە بۆ بـاروت دروسـتکردن هەر هێندە بوون. بەڵام یەکەم جار هەریەکەیمان لەسەر بەرد بەتەنێ دەهاڕی یا لـەنێو (هـاوەن) دا دەمانکوتـا، پـێش هاڕینـەوەیان تۆزێـك ئاومـان دەکـردە نێـو تێکەڵەکـەیان و، چـەند دەقەیـەك بەسـەر ئـاگرەوە دەمایـەوە، ئـەمجا دەمانهـاڕی. دەبوو کەمێك تەڕبن، چونکە ئەگەر تەڕ نەبن، گڕی ئاگریـان لێ پەیدا دەبێ.بۆیـە دەبوو بە تەڕی بهاڕدرێن. خۆ ئەگەر لە هاوەنیشدا بکوترابان، دەبوو دوو سـەد (۲۰۰) جـار دەسـکەوانی پێـدا بدرابایـە، تـا دەبـوە بـارووتی تـەواو و، لەسـەر دەستیش تاقی دەکرایەوە تا بێ فێڵ بێ. بۆ ئەوە نـەختێك بارووتمـان دەخستە سـەر لـەپی دەسـت و گڕمـان تێبـەردەدا. ئەگـەر دەسـتمان لەگـەڵ بارووتەکـەدا نەسـووتابایە، ئـەوە نیـشانەی ئـەوەبوو بارووتەکـە بـە باشـی دروسـت بـووە. هەروەها گوتیان: کەڵکی خـەڵووزی سووکی (داربی)ش لـەوەدا بوو کـە ڕەنگی

barووتی ڕەش دەکرد و، باروتیش خێراتر گڕی دەگرت. خەڵووزی داربی لە هەموو خەڵووزێکی دی سووکترە، چونکە داربی خۆی سووکە. پێ دەچێ خەڵووزەکە بۆ شێی تەڕیش سوودی هەبێ، وەك ئەوانیش بۆ ئەوە دەچوون وابێ. زانیاریم لەبارەی باروت دروستکردنەوە لە چەند کەسێکی دیکەیش وەرگرتووە کە ناویان لەم باسەدا دێت، وەك چەخماخساز حەمە ئاغای سلێمانی، بەڵام وتی (شۆرە) شەش بەش و هەریەکە لە خەڵوزو گۆگرد بەشێك بێ لە دروستکردنی باروتدا.

بەڵام زانیاریەکانی "حاجی سەبرییە حەمەلالە سەلیم" کە ڕۆژی ١٩٨٩/٩/٢٨ بە دەنگی خۆی تۆمارم کردن، لە هی هەموویان پڕناوەڕۆکتر بوو، چونکە خۆی لە (١٩٥٧) ەوە تا سەرەتای سالانی شەست هەر باروتی دروست دەکرد لە سلێمانی و، لە شێخ سەبریی سیتەکییەوە فێربووبوو. حاجی سەبرییە دەڵێت: شۆرەمان لە حاجی عارفی چاوزەق (حاجی عارفی بڕنووتی کە کۆچی دوایی کردووە) لە بازاڕ دەکڕی. شۆرەو خەڵووزی (داربی)م هێندەی یەکتر دەخستە سەر ساجێکی گەورە و، جامێك ئاوم تێدەکردو بۆ نیو سەعاتێك دەمکولاند، تا لەسەر ئاگرەکە ئاوی تێدا نەدەما. ئەوسا شۆڕەو خەڵووز بەساجەکەوە وشك دەبوون. پاشماوەکەی دووبەشی شۆرەو خەڵووزو بەشێکی گۆگرد بوو. پاشان هەردوکیانم لەگەڵ گۆگردەکە دەکردنە نێو (دۆڵ)ێکەوە(دۆڵ لە دار دروست دەکرێت و، وەك هاوەنە بەڵام گەورەترە) کە دەسکەکەی لەبەرد بوو. بۆ ماوەی سێ یا چوار ڕۆژ پتر دەمکوتا. دەبوو لەکاتی کوتاندا ناوبەناو کەمێك ئاوی پێدا بپرژێندرێت، بۆ ئەوەی تەڕ بێ و ئاگر نەگرێ. ئەگەر کەمێکیم لێ خستبایە سەر پەڕەسیغار و گڕم تێبەربدایە و پەڕەکەی ڕەش نەکردایە، ئەوە نیشانەی ئەوەبوو کە باروتەکە دروست بووە. لەسەر دەستیش تاقیم دەکردەوە. چەند زیاتر بکوترابایە، باشتربوو. ئەو دۆڵەی حاجی سەبرییە باسی دەکات لە دێی (قامیشی سەروو)ی باشووری خۆرئاوای (ماوەت) دروست کراوە، درێژیی

(٥٧سم) و دوراندەوری (٨٨سم) ەو (٢٦ سم) قووڵەو تیرەی دەمی (٢٢ سم). ئەستووریی جێی کوتانی تێدا. واتە قەراغەکانی، (٤–٥سم)ە. ئەمەش وێنەی دۆڵەکەیە:



دۆڵی باروت کوتانی حاجی سەبرییە

حاجی سەبرییە لە درێژەی قسەیدا گوتی: ئەو (داربی)یەی کە دەمکردە خەڵووز، دەبوو (جوانەبی) بێ نەك پیرەدار، چونکە ئەمەی دوایی‌یان خەڵووزەکەی وەك هی جوانەبی باش نی‌یە. واتە خەڵوزی جوانەبی لەکاتی تفەنگ تەقاندندا خێراتر هەڵناستێ. هەروەها دەبێ داربیی (چەماو) بێ، واتە

بنکەی ژین
www.zheen.org

هی بەر چەم و ئاو بێ، چونکە داربیی جێی وشکانی و کەم ئاو خەڵووزی وەك هی (پیرەبی) یەو زۆرباش نی‌یە.

لەبارەی نرخی باروتیشەوە گوتی: کێشی هێلکەیەك کە پڕ بە پەرداخێك بوو، بە درهەمێك دەمفرۆشت و، باروتەکەم لە هی خەڵکی دی بەڕەواجتر بوو، چونکە زۆر دەمکوتا. هەر لەم ڕووەوە، خاڵە حەسەن دالآشی چەخماخسازیش پێی گوتم : (هێلکە) کێشێك بوو. کە باوکم لە سالآنی سیدا منی دەنارده ماڵی "مەلا عەبدوڕڕەحمانی باروتکوت"، کە تا دەوری ١٩٥٨ یش هەر زیندوو بوو و لە هەموو کەسێك پتر باروتی دورست دەکرد، برێکی بازرگانانە باروتی بەکێشی هێلکە بۆ فرۆشتن بۆ دەکێشام بە درهەمێك. گوتی: دوور نی‌یە ئەو کێشە لەبنەرەتدا بە هێلکەی مریشك کێشرابێ و هێندەی قورساییی ئەو بێ.



بنکەی ژین

سەبرییە حەمە لالەسەلیم

www.zheen.org

حاجی سەبرییە حەمەلالە سەلیم دەڵێت : ڕاوچیی خاوەن ساچمەزەن و ڕاوچیی ماسی و هی دیکە باروتیان لە من دەکڕی. ڕۆژی هاتوچۆ قەدەغەکردنەکەی ١٩٦٣/٦/٩ بایی (٣٠٠) دینار باروتم مابوو، بۆ ئەوەی

تووشی گیروگرفت و گێچەڵ نەبم، هەموویم لەوڕۆژەدا خستە نێو گونجەوە و دام بەدەم ئاودا. شایانی باسە حاجی سەبرییە هاوسەری کاك کەمال مەولوودە کە لەبارەی باروت و پڕکردنەوەی فیشەك و داڕشتنی گوللەی تفەنگ لە سلێمانی، دەڵێت تا ساڵی ١٩٦١و١٩٦٢یش باروت بۆ پڕکردنەوەی فیشەکی تفەنگی پێنج تیر و یازەدتیری ئینگلیزی دەکرا، چونکە ئەو دەستە فیشەکانەی لە باشووری عێراقەوە دەهێندرا زۆر گران بوون، پێنج فیشەك بە حەوت دینار بوو."نامیقی برنج فرۆش و صاڵحی کۆیی وحاجی نامیقی خەراجیان و ئەحمەدە سمێڵی چەرمەگا" بەقاچاغی دەیانهێنا. ئەمانە زۆر سوودیان دەگەیاندە شۆڕشی کورد. چەخماخسازەکانی "وەك شێخ حەسەن عەبدوڵڵاو حاجی حەسەن یابوو و حەسەن دالآش" لە سلێمانی بەهۆی کاری ئەمانەوە فیشەکی ئەم تفەنگانەیان پردەکردەوەو، بە قاڵب گوللەیان دادەڕشتەوەو خەڵك دەیانکڕی، بەتایبەت خەڵکی دەرەوەی شار کە گەلێك پێویستیان پێی بوو. هەروەها ڕاوکەری ماسی لەگەڵ ساچمەدا دەیانخستە نێو بوتڵی شووشەوەو، بە پلیتە (فتیل) ئاگریان تێ بەردەداو، فڕێیان دەدایە نێو چەم و ڕووبار بۆ کوشتنی ماسی. ئەحمەدی شاسوار باروتی لە (حەوجۆش)ی ئاو گەرمکردندا دەکرد بە قومبەلەو، هەتا یەکێکیانی بۆ حەوشەی سەرا هەڵدابوو و،یەکێکیشی بەنیازی کوشتنی مەجید یەعقووبیی موتەسەڕیفی سلێمانی بۆ خانوەکەی موتەسەڕیف فڕێ دابوو و،ئەوەش بە هاندانی ڕەحمەتی شێخ لەتیفی شێخ مەحموود کردبوو، چونکە ئەحمەد پیاوێکی ئازای کوردپەروەرو دڵسۆزی شێخ لەتیف بوو. مەجید یەعقووبی کوردی کەرکووك و دژی بیری کوردایەتی بوو. ئیتر پاش قومبەلەکەی ئەحمەد شاسوار خۆی لە سلێمانی نەقڵ کرد.

www.zheen.org

## پاککردنەوەی شۆرەی ئەشکەوتەکان

ئەو بەساڵداچووانەی کە زانیاریم لێ وەرگرتن و لەپێشدا ناوم هێنان، باسی پاککردنەوەی شۆرەی ئەشکەوتەکانیان بۆ نەکردم، چونکە ئەمەیان بەکارنەهێناوە، بەڵکو هی بیلادییان دەکڕی. بەڵام لە قەرداغ و سلێمانی هی ئەشکەوت و جێی دیکەی ئاژاڵ لە بارووت دروستکردندا بەکارهێندراوە. شۆرەیان بە دوو شێوە لەو شتانە پاك کردوەتەوە کە پێوەی نووساون، وەك پەیین، یەکەمیان شۆرەیان لە تەشت یا مەنجەڵێکدا دەکوڵاند. کە دەگەیشتە پلەی کوڵان، شۆرەکە سەر ئاو دەکەوت و شتی پیسی دیکەیش ژێر ئاو دەکەوت و دەنیشت. کە سارد دەبووەوە دەمەیی وەك خوێ دەیانگرت، یان بە شریتێکی لباد دەردەهێنرا" سەرێکی دەخرایە نێو ئەو مەنجەڵەی کە شۆرەکەی تێدا دەکوڵێنراو سەرەکەی دیی دەخرایە نێو مەنجەڵێك یا ئامانێکی دیکە کە لە شوێنێکی نزم داندرابوو. ئیتر شۆرەکە وردە وردە دەچۆڕایەوە نێو مەنجەڵی دووەم و دەمەیی.

لە قەرەداخ ئەم شێوەیەی دووەم پێڕەوی دەکرا. شێوەی سێهەم : پاش کوڵانی شۆرە، چەند دارێکی باریك دەخرایە سەر دەمی مەنجەڵەکە. شۆرەکە دەبوە هەڵم و بەرزدەبووەوەو وەك خوێ بە دارەکانەوە دەنووسا. بەیانیان کە هەڵدەستان، شۆرەکەیان لە دارەکان دەکردەوە. ئەم سێ ڕێگایەم بۆ پاککردنەوەی شۆرە لە خەڵك بیستووە.

## کیلەی باروت

کیلە پێوانە و عەیارێك بوو، ئاسنگەر بۆ باروت تێکردن دروستی دەکرد. پڕ بە کیلەیەك باروت بەشی هاوێژتنی تفەنگێکی دەکرد. کیلەیش بەقەدەر عەیارەی شەکر بوو کە پڕی بەشی یەك پیاڵە چا دەکات.

## بەردی باروت هاڕین

لەنێو زۆر گوندی کوردستان و دەوروبەریدا بەردی باروت هاڕین هەن. ڕۆژی ١٩٨٤/٩/١٤ لە دێی (پڵنگان) ی دۆڵی ئاکۆ لە قەزای ڕانیە وێنەی

www.zheen.org

بەردێکم گرت لە جێی شوێنەواری خانووی "حەمەدی باشاغا"ی سەرۆکی عەشیرەتی ئاکۆو باوکی "گوڵەزەر"ی دڵداری "قەرە"ی چوارسەد ساڵ لەمەوبەر کە دەکەوێتە سەر سووچی ئەو باسکە پچووکەی داوێنی دێیەکە کە بەسەر چەمەکەدا دەڕوانێ. دەوراندەروری بەردەکە (٣,٨٠) مەترو ئەستووریی (٤٠سم)ەو، کەمێك قووڵ کراوە.

بەردی باروت هاڕین قووڵ ناکرێت، بەڵکو کەمێك بەلاری قووڵ دەکرێت، وەك لەپی دەستی مرۆڤ. باروت دەخرێتە سەر ئەو بەردەو بە بەردێکی دیکەی لووس وەك لەپێشدا باسمان کرد دەهاڕدرێت. سەرەتا دەبێ هەریەکە لە شۆرەو گۆگرد و خەڵووز بەتەنیا و تۆزێك بە تەڕی بهاڕدرێن، ئەمجا بە تێکەڵی. بێگومان هاوەن و دەسکەوانیش بەکەڵکی باروت کوتان دێت، بەڵام بەردەکە باشترە، چونکە مەترسیی گڕتێبەربوونی بەهۆی هاڕینەوە کەمترە.



کوولەکەی باروت (کولندکێ باروتێ)

تفەنگچی بارووتەکەیی دەکردە نێو کوولەکە (کولندك)ی پچووك و، دەمەکەیی بە پەڕۆ دەئاخنی و توندی دەکرد، دەزوویەکی ئەستوور یا پەتێکی دەخستە دەمی درێژی کوولەکەکەوەو بە پشتێنەکەییەوەی گرێ دەدا. کوولەکە، لەبەرئەوەی سووکە و ئاو ناکێشێ، بۆ بارووت تێدا هەڵگرتن پەسەندکراوە. وێنەی کوولەکەی بارووت، چوارسەد ساڵێك لەمەوبەر لە یەکێك لە تابلۆ هونەریە دەستکردەکانی نێو کتێبی (شەرەفنامە)ی دەستخەتی دانەرەکەیدا کێشراوە لە سەدەی شازدەهەمدا کە تابلۆی نۆهەمەو لەبارەی قەڵای (ئاگیل)ی باکووری دیاربەکرەوە. لەم وێنەیەدا کوولەکە بەقەدی ڕاوچی‌یەکی کوردی تفەنگ بەدەستەوە شۆڕبووەتەوە. ئەمەش ئەو وێنەیەی نێو شەرەفنامەیە.

وێنەی کوولەکەی بارووت، لەپاڵ وێنەی تفەنگ و شیش و فڵچەی پاکردنەوەی تفەنگ و شاخی حەیوانە کێوی و شتی دیکەدا، لەسەر کێلەبەردێکی گۆڕستانی شاری جزیرا بۆتان هەڵکۆڵداروە. ئەم کێلە بە بۆچوونی من هی پێش سەدەی نۆزدەهەمەو، دوورنی‌یە هی گۆڕی "محەمەدبەگی میری بۆتان" بێ، وێنەی ئەو کێلە لە لاپەڕە (١٠٨)ی کتێبەکەماندا (بانگەوازێك بۆ ڕووناکبیرانی کورد، ل ١٠٨) بڵاوکراوەتەوە. هەروەها لەسەر کۆمەڵە کێلەبەردێکی گۆڕستانی (شێخەڵلا)ی هەولێر، وێنەی کوولەکەی بارووت و دەمانچە و شمشێر و خەنجەر هەڵکۆڵدراون و وێنەی بڕێك لەوانەم گرتوە. ئەمەش وێنەی کولەکەیەکی بارەوتە کە لە مۆزەخانەی ئەتنواگرافی سلێمانیدایە.



# کیسی گولله ( خەریتەی گولله )

گوللەی تفەنگ دەخرایە نێو (کیسی هەمانە)وە کە بە کرمانجی ژووروو پێیدەگوترێ (خەلیتك)، تفەنگچی بە پشتێنیەوەی دەبەستێ. وێنەی کیسی گولله لە تابلۆی نۆهەمی شەرەفنامەدا کێشراوە، یانی دانە دەستنووسەکەی نامەخانەی بودلیان لە ئۆکسفۆرد. کیسێکی گولله کە لە چەرمە و زور جوانە لە مۆزەخانەی ئەتنوگرافی سلێمانیدایە و، ئەمەش وێنەیەتی:



تورەکەی چەرمینی بارووتی تفەنگی کوردی

(مۆزەخانەی ئەتنۆگرافیی سلێمانی)

وێنەی کیسەی گوللەو کوولەکەی باروووت بە کێلێکی (دوین)ی ناوچەی هەولێریشەوەیە کە نیگاری دەمانچەیەکی لەنێوان دوو شمشێردا پێوەیە. ئەمە وێنەکەیەتی:



وێنەی چەند تفەنگێکیش بە کێڵەکانی دوینەوەن و، ئەمەیش بەڵگەیە کە ئەم کێلانە کۆن نین و، هی کاتی صەلاحەدینی ئەیووبی و بنەماڵەی ئەیووبی نین، وەك کابرایەکی نۆکەری بەعس بەناوی عەبدولخالق سەرسامەوە لە هەولێر کە بە دیواربەند وێنەی صەدامی دەکرد، بە هاوکاریی کەسانێکی نۆکەری بەعس، کۆمەڵێ درۆودەلەسەی بڵاوکردووەتەوەو وتوویە صەلاحەدین بە شمشێری ئەو کێلانە شەڕی خاچپەرستانی کردووەو قەلای دوین هی صەلاحەدینە. من لە ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠٠٠ی گۆڤاری "هەزارمێرد"دا بە درێژی لەم بارەیەوە نووسیومەو، هەرسێ زانکۆکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆکی کوردستانیش پەردەیان لە ڕووی ئەم چەواشەکارییە بەئەنقەستو بۆ مەبەستێکی سیاسی کراوە هەڵماڵیوەو بە ڕەسمی ڕەتیان کردووەتەوە.

## شاخی حەیوانە کێوی

شاخی حەیوانە کێوی بۆ چەورکردنی تفەنگ بەکار دەهات، چونکە ڕۆنی چەورکردن دەخرایە ناو شاخی حەیوان. لەسەر ئەو کێلەی پێشووی گۆڕستانی شاری جزیرا بۆتان، وێنەی شاخی حەیوانەکێوی و کەرەستەی تفەنگ هەڵکۆڵدراوە. ڕیچ لە ساڵی (١٨٢٠)دا کە چووەتە شاری سنەی مەڵبەندی میرنشینی ئەردەڵان، وێنەی دوو سەربازی هەورامیی بە قەڵەمی خۆی کێشاوە (ڕیچ زۆر وێنەکێش بووە). لەو وێنەیەدا شاخی حەیوان و کوولەکەی باروت بە قەدی یەکێکیاندا شۆڕبووەتەوە کە بە شاخی گا دەچێ، چونکە شاخی گایش هەر بۆ ئەم مەبەستە بەکار دەهێنرا.

www.zheen.org

ئەمە وێنەی یەکێکە لەو جۆرە شاخی گا یا گامێشە کە لە مۆزەخانەی ئەتنۆگرافیی سلێمانیدایەو پارچە کانزایەکی سپی لە دەوری دەم و بنەکەی دراوە بۆ جوانی و زنجیرێکیش بەشاخەکەوەیە بۆ هەڵگرتنی. هەرچی لادێ نشین و سنعاتکارەکانیشن، ئەم شاخانە بۆ چەورکردنی هەسان بەکاردەهێنن، تا داس و چەقۆو شتی وای پێ تیژ بکەن. بە کرمانجیی ژووروو (شاخی تین)ی پێدەڵێن، چونکە جاری وا هەبوە لەباتی کوولەکەی باروت، باروت خراوەتە نێو شاخی حەیوانە کێوی. بەڵام حەمەئاغای چەخماخساز دەڵێ: بۆ باروت باش نییە، چونکە شاخ خۆی چەوریێکی هەیە.

## چەخماخسازەکان

مەبەستمان لە چەخماخساز ئەو کەسانەیە کە تفەنگ و دەمانچەیان دروست یا چاك دەکردەوەو، کاری دروستکردنی باروت و داڕشتنی گوللە لەقاڵبدا و پڕکردنەوەی فیشەکیان کردووە. پێشتر باسمان کرد چۆن تفەنگ و دەمانچە لە کوردستان دروست دەکران. جگە لەوانەی کە ناویانمان هێنا، ئەمانەش تفەنگیان دروست کرد:

لە خەڵکی سلێمانی ناوی سێ کەسم بەناوی وەستا ئەحمەدەوە کەوتووەتە دەست، یەکیان لەکاتی شاعیری بەناوبانگ "عەلی بەردەشانی"ی هاوکاتی عەبدوڕڕەحمان پاشای بابان بووەو عەلی شیعرێکی بۆ وتووە. پاش ئەمە وەستا ئەحمەدێکی دیکە هەبوە لە سەدەی نۆزدەهەمدا، ئەویش لە (مەرگە)و لە بێتواتە تفەنگی دروست کردووە.وەستا ئەحمەدێکی دیکە هەبوە لە سەدەی نوزدەهەمدا چووەتە لای شێخی شۆڕشگێڕ"شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی"و کاری تفەنگسازیی بۆ کردووە. شاعیری کورد وەفایی لە کتێبەکەیدا (تحفة المریدین) کە بۆ مەناقیبی شێخ عوبەیدوڵڵای داناوە بە زمانی فارسی، لە (ل١٤٧)ی دانەی دەستنووسەکەیدا باسی کردووە. ئەم دانەیەی

(تحفــه المريــدين) بەدەســتخەتی مامۆســتام بەهەشــتی قــازی محەمــەدی خضریی(شنۆیە).

وەستا ڕەشیدی قادرئاغای میسری لە تایفەی (فەرخە)ی سلێمانی کە زۆربــەی ژیــانی لــە ســەدەی نۆزدەهەمــدا بــووە، تفــەنگی دروســت دەکــرد. خوالێخۆشبوو حاجی گاهیری خەفاف لە (١٩٨٦)دا کە تەمەنی دەوری هەشتا و پێنج ساڵ بوو، بۆی باس کردمو وتی: وەستا ڕەشیدم دیبوو تفەنگی دروست دەکرد و چاکیشی دەکردەوە. جارێك گوللەیەکی لەدەست دەرچوو پیاوێکی شێخ "مستەفای نەقیب"ی مامی شێخ مەحموودی نەمری کوشت و ڕایکرد بۆ خانەقین.

حاجی عەبدوڕڕەحمانی قادرئاغای برای وەستا ڕەشید، ئەویش تفەنگساز بــووەو هــەمان جــۆرە ڕووداوی لێ ڕوودواەو گوللەیــەکی لەدەســت دەرچــووەو پیاوێکی کوشتووەو ڕایکردووە بۆ شاری مەککە (مکە). وەستا بیلالی بانەیی خــەڵکی بانــە بــووەو لــە سلێمانی کــاری چەخماخســازیی کــردووە، نــاوی لــە ڕۆژنامەی "پێشکەوتن، ژ ٢٣، ١٩٢٠"دا هاتووە.

وەستاکانی بنەماڵــەی جــەژنێ لــە سلێمانی: وەستا سلێمانی جــەژنێ لــە چەخماخــسازەکانی ســەدەی نۆزدەهــەمو تفەنگــسازێکی کــاتی بابــان و باپیرەگــەورەی خاڵــە حەســەن دالأش بووە. وەستا سەعیدی وەستا سلێمان جــەژنێ لــە باوکیــەوە فێری تفەنگسازی بــووەو تفــەنگی (حسکە)ی دروست کردووە، لەگەڵ دروستکردنی باروت و داڕشتنی گوللــە لــە قاڵبدا. حەسەن دالأشی نەوەی دەڵێ: ڕەنگە باپیرم لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا کۆچی دوایی کردبێ. وەستا حاجی صاڵحی سەعید جەژنێی باوکی حەسەن دالأش لوولــەی تفــەنگی دروست دەکرد، لەگەڵ کاری دیکەی چەخماخسازیدا. لــە ١٩٤٤دا کــە چــووە بــۆ حــەج، تەمــەنی شەســت ســاڵ بــووەو لــە پەســاپۆرتی حەجەکەیدا نووسراوە "چقمقچی". وەستا عەبدوڵڵای وەستا سەعید جەژنێ کاری باروت دروستکردن و داڕشتنی گوللەی دەکرد. وەستا ڕەشیدی سەعید

www.zheen.org

جەژنیٚ کاری تۆکمەچێتیی دەکرد، دەوروبەری ١٩٥٠ کۆچی دوایی کردووە.
حەسەن دالآش کوڕی حاجی صاڵحی جەژنیٚ کاری دروستکردنی باروت و پڕکردنەوەی فیشەکی کردووە. چاوپێکەوتنم لەگەڵیدا کردوووەو زۆر سوودم لە زانیاریەکانی بینیوە. خاڵە حەسەن کە تەمەنی نزیکەی هەشتا ساڵ بوو، لە ١٩٩٢/٣/١٩ دا لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد.



حەسەن دالآش

بنکەی ژین
www.zheen.org

## هەندێکی دیکە لە چەخماخسازەکان:

وەستا سەعیدی بارام مامۆستای ئەحمەدی مەحموود کاری چەخماخسازیی لەنێوان سەدەی نۆزدەهەم و بیستەمدا کردووەو ناوبانگی

تائێستایش لەنێو ئاسنگەرەکانی سلێمانیدا ماوە. ڕەنگە لە سالأنی سیدا کۆچی جوایی کردبێ. ئەحمەدی مەحموودئاغا کوڕی مەلاعزیز کوڕی قادرئاغا کوڕی حەمەئاغا. ئەویش تفەنگی دروست کردووە. حەمەئاغای کوڕیشی بۆی باس کردووم‌و وتوویە دەوری ١٩٢٧ باوکم چەکێکی دروستکرد هەم تفەنگ و هەم دەمانچە و هەم قامچی و هەم کوتەك بوو، تەسلیمی موتەسەڕیفی سلێمانیی کرد کە بینێری بۆ پیشانگایەکی حکوومەت لە بەغداو ئەویش ناردی. باوکم خەلأتی وەرگرت، بەلأم لەهەمان کاتدا حکوومەت پێی‌وت جارێکی دیکە شتی وەها دروست مەکە، دەنا سزات دەدەین.

لە کتێبەکەمدا (بانگەوازێك بۆ ڕووناکبیرانی کورد: لە پێناوی کۆکردنەوە و زیندووکردنەوەی کەلەپووری کوردیدا، ل١٢٢) وێنەی (تەقولباب)ێکی دەستکردەی ئەحمەدی مەحموودئاغام بلأوکردووەتەوە کە لە شێوەی گیانلەبەرێکدا کردوویە لە زەرد، شتێکی زۆر جوانە و (تەقولباب)ی وا جوانم نەدیوە و مێژووی ١٣٥٢ کۆچی و (١٩٣٣)ی لەسەر هەڵکۆڵیوەو بە دەرگا دارەکەی ماڵی"عەلی مامەشێخە"وەیە لە سلێمانی. ئەم وەستا هونەرمەندو زیرەکە ساڵی١٩٤٤دا کۆچی دوایی کردووە. حاجی فەرەجی صاڵحی غەفوور لوولەتفەنگ‌و دەزگا و گیرە و مەنگەنە و قەپانی دروست کردووەو وەستایەکی زۆر زیرەك بووە. ڕەنگە لە دەروبەری پەنجاکاندا کۆچی دوایی کردبێ. وەستا شێخ حەسەنی شێخ عەبدوڵڵای شێخ سەلام لە (مەرگە)وە هاتووە بۆ سلێمانی. باسی تاقمی چەخماخسازیی ئەوزاتەمان کرد. حاجی صاڵحی حەمەڕەش دەوری ساڵی (١٩٣٠)و حاجی ئەحمەدی فاتێ، دەوری ١٩٢٨ کۆچی دوایی کردووە.

شێخ لەتیفی دانساز کوڕی شێخ عەبدولکەریم کوڕی زانای گەورە "شێخ عەبدولقادری موهاجیری سنەیی"ی دانەری کتێبی (تقريب المرام في شرح تهذيب الكلام)ی سعدالدینی تەفتازانی و چەند کتێبێکی دیکەیە. شێخ لەتیف مرۆڤێکی ئەوپەڕی زیرەك‌و لە چەندین بواردا خاوەنی توانایی بووەو، هەروەك

بليمەتێك باسی دەكرێتو لە شێخانی مەردۆخ بووە، تفەنگی دروست كردووەو قاڵبی زێڕەكەی بۆ دروستكردنی لیرەی توركی(قەڵبكردن) لەلای بەڕێز شێخ عەبدوڵلای كوڕی ماوە، بەرزیی (٥سم)و دەورەكەی (١٦,٥سم)ە. هەروەها ئەو چەقۆیەی دروست كردووە كە شووشە دەبڕێت. ئەو چەقۆیە ئێستا ماوە.



شێخ لەتیف بە كەوای شۆڕەوەو شێخ عەبدووڵلای كوڕی
(دیاریی كاك شێخ حەمیدی كوڕە گچكەی)

www.zheen.org

شـێخ لـەتیف (حـەكاكی)ی كـردووە، یـانی هـەڵكۆڵین لەسـەر كـانزا دروستكردنی مۆرو زەنكۆگراف. لە میكانیك‌و چەندین سنعاتی دیكەی زانیوە. لەگەڵ مێژوونووس حسێن حوزنی موكریانیدا هەوڵی كیمیاگەریی داوە. هەر لەبواری چەخماخسازیدا، شێخ لەتیف لە ١٩٣٦دا [ii] یەدەكی بۆ دەمانچەی حەوت تیر دروست كردووە، بیستودوو گوللەی خواردووەو هەموویان بە یەك دەست وەك ڕەشاش دەرچوون. تفەنگێكی لە شێوەی قامچیدا كردووە بۆ مەلیك فەیسەڵی یەكەم، كە هاتووە بۆ سلێمانی پێشكەشی كردووە. پێش ئەوەی بێتە سلێمانی داوای كردووە هەریەكێك لە سنعاتكارەكانی سلێمانی شتێكی بۆ دروست بكەن‌و كاتێ هاتە سلێمانی بۆی بێنن. ئەو تفەنگە یەك گوللەی خواردووە.

مامۆستای نەمر شێخ محەمەدی خاڵ (١٩٧٩/٨/٢) بۆی باس كردم : ئەحمەد موختاری شێخ عەبدوڵڵای هەولێریی قازی سلێمانی بۆ ڕاوە چۆلەكە تفەنگێكی لە ئەڵمانیاوە بۆ هاتبوو. دەچوە ناو باغی شێخ لەتیف كە باغێكی گەورە بوو لە سەركارێز و، چۆلەكەیەكی زۆری پێدەكوشت و لەگەڵ شێخ لەتیفدا دەیانبرژاند. شێخ لەتیف كە ئەمەی دیت، تفەنگێكی دروست كرد هەوایی بوو، زۆر لە هی ئەحمەد موختار باشتر بوو، هەتا چەقەڵیشی پێ دەكوژرا، لوولەكەی لە ئاسنی فڕۆكەیەكی ئینگلیزی دروست كرد كە ١٩٢٣/١٢/٢٥ لە تاسلووجە لەلایەن هێزی شێخ مەحموودەوە خرابووە خوارەوە. یەكێكی دیكەیش كە لە سەرچنار بەناچاری نیشتبوەوە كاتێ هاتبوو بۆ بۆردومانكردنی شاری سلێمانی، فڕۆكەكە لە (موهەندیسخانە) دانرابوو، بەهۆی "شێخ مستەفا"ی برامەوە ئەو ئاسنەی دەست كەوت. ئەم تفەنگەیش بە زەخت دەتەقا نەك بە باڕووت. شێخ لەتیف لوولەی تفەنگی (ماوزەر) و (ماترلی) سوور دەكردەوەو دەیكوتا تا دەیگەیاندە یەكترو، پاشان كونی دەكرد و خانەی لێ دروست دەكرد و دەیكردە تفەنگێكی یەك گوللەیی. شێخ لەتیف خۆشنووسیش بوو و، خۆی كردە دانسازێكی بەناوبانگ" لەسەر كوردایەتیش

گیراوە کە ئەندامێکی حزبی (برایەتی) بوو لە سلێمانی و لە (١٩٤٨/٥/١٨) دا کۆچی دوایی کردووە.

وەستا مەحموودی شارباژێڕی چەخماخساز بووەو لە لادێ ئیشی کردووە. وەستا بیلالی کوڕی وەستا مەحموودی شارباژێڕیش چەخماخساز بووە و لە لادێ کاری کردووەو لە وەستا مەحموودی باوکیەوە فێری ئەم سنعاتە بووە. نازانم ئەم دوو وەستایە کەی کۆچی دوایی‌یان کردووە. ئەحمەدی ئەمین ئاغا کاری چەخماخسازیی لە سلێمانی کردووەو، لەکاتی ئیشکردندا گوللەی دەمانچەی لەدەست دەرچوو و کوژرا، بەڵام نازانم چ ساڵێك بوو. وەستا صاڵحی فەتاح "سالەی فەتال"ی وەستا عەبدوڕڕەحمانی خاسەسنەیی لوولەی تفەنگی دروست دەکرد و ئاسنگەرێکی بەناوبانگ بوو، دووکانەکەی لەلای ئاسنگەرەکان بوو بەرامبەر بە (حەمامی سوورەت). تا دەوروبەری ١٩٤١ زیندوو بوو، ئەوکاتە تەمەنی دەوری حەفتاوپێنج ساڵ بووە. وەستا عەبدوڵڵای ڕەحیمی قادر لە ١٩٧٥دا کۆچی‌دوایی‌کردووە. حاجی حەسەن تا ساڵانی شەست چەخماخسازیی کردووە. وەستا محەمەد قاسمی عەبدوڵڵای ڕەحیمی بانەیی لە چاککردنەوەی تفەنگ و دەمانچە و پڕکردنەوەی فیشەکدا شارەزا بووەو سوودم لە زانیاریەکانی وەرگرتووە. صاڵح بەگ ڕەنگە لە سەرەتای ساڵانی حەفتادا کۆچی‌دوایی کردبێ. حەمەئاغای ئەحمەدی مەحموودئاغا لە باوکیەوە فێری ئەم سنعاتەو داڕشتنی گوللەی دەمانچە بووەو، زۆرجار قاڵبی خۆی پێشان داوم‌و زۆر سوودم لێ بینیوە. ئەوزاتە لە دواین وەستا کۆنەکان بووە لە تۆکمەچێتیداو، لە(١٩٩٧/١٢/٢٨)دا کۆچی دوایی کردووە.

لە شارەکانی دیکەی کوردستان‌و هەندێ دێهاتیش چەخماخساز هەبوە، لەوانە دوو ژن بەناوی "نەعیمە"وە لە شاری (کفری)کە بەربەرکانێی یەکتریان لە چاککردنەوەی چەکی سووکی ئاگرداردا کردووە. یەکیان کە کفری ساڵی ١٩١٨ لەلایەن ئینگلیزەکانەوە داگیرکرا، بە دەستی ئینگلیز کوژرابوو. نەعیمەی دووهەم زۆر هانی خەڵکی دەدا دژی ئینگلیز، لەبەرئەوەو لەبەر

کارەکەیـشی ئینگلیزەکـانی کفـری ڕقیـان لێ بـوو، بەتایبـەتی ئینگلیزێکـی توندوتیـژ بەرامبـەر بـە خـەڵك کـە یاریـدەدەری "سـلمون"ی حـاکمی سیاسـی بریتـانی بـوو لـە کفـری. ئـەم کابرایـە جارێـك دەبینـێ نەعیمـە چەخماخـسازی دەکات لە دووکانەکەیدا، قسەی ناشیرینی پـێ دەڵـێ. ئـەویش گوللەیـەکی پێوە دەنێ‌و دەیخاتە سەر ئەرزو برینـداری دەکـات. ئیتر نەعیمە ڕادەکات و دەچێتە لای شۆڕشـگێڕ "ئیـبراهیم خـان"ی دەلـۆ، جلوبـەرگی پیـاوان لەبـەردەکات و تفـەنگی مـاوزەڕ دەکاتـە شـانی و دەبێتـە پێـشمەرگەی، چاککردنەوەی تفـەنگ وپڕکردنەوەی فیشەکیش دەکات‌و فێری هەسپ سواریش دەبێ. ئیبراهیم خـان پـێ‌ی دەوت "کـاك نەعیمـە". نەعیمـە بەشـداری ڕزگـارکردنی کفـری بـوو کـاتێ ئیبراهیم خان کفریی ڕزگارکردو "سلمون"ی لە ١٩٢٠دا بەدیل گرت. ڕەحمەتی نەریمان مستەفا لە ژمارەی ڕۆژی ١٩٨٣/١/٦ی ڕۆژنامەی "العراق"دا وتـارێکی بە ناونیشانی(نعیمة ثائرة ضد المحتلین)ەوە بڵاوکردووەتەوە.

لـە گونـدی (زڤنگـا حـاجی‌عـەلیان)ی بۆتـان، بنەماڵەیـەکی ئاسـنگەرو چەخماخـساز هـەبوو پێیـان دەگـوت (مـالا مـسوێرا)، بنەماڵەیـەکی کـۆن بـوو. یـەکێك لـە وەسـتاکانی "وەسـتا عـەباس"بـوو. پـێش ئـەو پیرەمێردێـك هـەبوو بەناوی (کالێ مالا مسوێرا)، لەبەرئەوەی زۆر بەتەمەن بوو، ئیتر لەوکاتەوە بووە نموونـەو پەنـدی تەمـەن درێـژی. بەداخـەوە کـە نـاوی ئەسـڵی ئـەم وەسـتا چەخماخسازەم لـەبیر نـەماوەو پتر لـە شەسـت سـاڵە کۆچی‌دوایی‌کردووە. زۆر شوێنی دیکەی کوردستان چەخماخسازی هەبوە.

سـەرنج : کـەڵکم لـەم برایانـەیش وەرگرتـووە، جگـە لەوانـەی کـە ناویـان لـە دووتوێی باسەکەدا هاتووە:

- محەمەدئەمین محەمەد : ڕاوچی و خەڵکی دێی تەکیەی قەرەداغ بووە.
- حەسەن محەمەدئەمین: خەڵکی دێی کەشکەڵەی قەرەداغە.
- کاك حەمەسەعید خەڵکی تەکیەی قەرەداغە.
- حاجی عەبدوڵڵا محەمەد خدر : ئاسنگەرە لە سلێمانی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

- عومەری وەستا حاجی ئیسماعیل مستەفا گڵەزەردە: ئاسنگەرە لە سلێمانی.
- وەستا محەمەد قاسمی وەستا عەبدوڵڵا ڕەحیم.
- حاجی ئەمین ڕۆستەم: خەڵکی تەکیەی قەرەداغە، بارووتی دروست دەکردبەهۆی خزمێکیەوە سوودم لێ وەرگرتووە.
- حاجی ڕەحیم نەجم حاجی فەرەج: ئاسنگەرە.

شایانی باسە، ناوی زۆر لە ئاسنگەرەکانی سلێمانی لەم وتارەمدا هەیە(وەستا خاڵەی ئاسنگەر) کە لە گۆڤاری "ڕامان"، ژ٢٥، ١٩٨٨دا بڵاوبووەتەوە.

## پەراوێزەکان:

١- ناوی تۆپ لە باسی ئابڵووقەدانی (ماردین)دا لەلایەن تەیموور لەنگەوە هاتووە، ئەویش لە پەڕەی ١٢٧ی (تاریخ ماردین)ی عەبدولسەلامی ماردینیدا کە دانە دەستنووسەکەی لە(دار الکتب و **الوثائق القومیة**)ی قاهیرەیە. بەڵام ئەمە هەڵەیە، چونکە ئەوکاتە تۆپ نەبوەو ئەو ئابڵووقەدانە لە ساڵی(٧٩٦ ك: ١٣٩٣-١٣٩٤)دا بووەو لەکاتی تەیمووری تاوانباردا تۆپ نەبوە، یانی لەکاتی ئەودا تۆپ و تفەنگ لە جەنگەکانیدا بەکارنەهێنراوە.

٢- لە بارەی ڕاستڕەویی تفەنگی شینکە و حسکەو دەست ڕاستیی، وەستا قادر وەستا مەحموودی سەرگەڵوو وتی: "شێخ سەعیدە سوورە" لە سەرگەڵوو کە دێیەکی جوانی چوارسەد ماڵی بوو، زۆر دەست ڕاست بوو بە تفەنگی شینکە، داس یان چەقۆی تیژی قایمیان بۆ دادەنا و تفەنگی بۆ دەهاوێشت و لێی دەدا، بە مەرجێك گوللەکە خۆی دەبوە دوولەتی بەقەدەر یەکتر. شێخ سەعید پێش پەنجا ساڵ کۆچیدوایی‌کردووە. وەستا قادر لەبارەی دەست ڕاستی‌یەوە وتی: شێخ عەبدوڕڕەحمانی عاصمەخانیش لە سەرگەڵوو، بەم تفەنگانەی ئێستا لە جگەرەی دەدا لەناو دەمی خەڵك یا دەستیدا و هەمووکەسیش نەیدەوێرا جگەرەی بۆ بگرێ، تەنیا وەستا "سابیرە کەچەڵ"ی مسگەر دەیوێرا. شێخ عەبدوڕڕەحمان دەوری بیست ساڵە کۆچی دوایی کردووە.

بنکەی ژین www.zheen.org

٣- (تفەنگی دانستان): یەکەمین جار ناوی (دانستان)م گوێ لێ بووبێ لە گۆرانیی "شەڕێ زاخرێ"دا بوو، کاتێ لە دەوروبەری ١٩٧٣دا بیرەوەریی ڕەحمەتی مام فەندی خەنجەری پیرەمێردێکی عەشیرەتی (گۆیان)م کە زۆر دەنگوباسی کۆنی ناوچەی (بۆتان)ی دەزانی لە بەغدا لەگەڵ چەند سترانێکدا تۆمارکرد کە یەکێکیان "شەڕێ زاخرێ" بوو و ئەم شەڕە لە (زاخرێ) لە "ئاغایێ سوری شرنەخی "عەبدوڕڕەحمان ئاغای سۆر" ڕووی‌داوە کە کوردپەروەر بوو و شێخ مەحموودی نەمر پەیوەندیی پێوە و بە عەشیرەتی میرانی دەڤەری شرنەخەوە هەبوو. عەبدوڕڕەحمان لە لایەن تورکەوە ئیعدام کراوە. ناوی (دانستان) لەم شەڕەدا دێت. لە مام فەندیم پرسی، وتی دانستان (تفەنگا کرمانجی)یە.

٤- تۆکمەچی ئەوەیە کاری (زەرد) دەکات، یانی لەو شتە کانزاییانە کە پێیان دەڵێن (زەرد) دروست دەکرێن، وەك (شەکرشکێن) کە تەشوێیکی بچووکە لە زەرد دروست دەکرێ، تەنیا بۆ شکاندنی شەکری قەند یان کەڵلەگەورەکان دەبێ کە هەیانە کیلۆیەکەو هەیە گەورەتریش، یان قەندی (کلۆ) بچووکەکان کە شکاندنیان بە زۆری بۆ (چا) بووە. تۆکمەچیەکان شەکرشکێنی جوانیان لە زەرد دروست دەکرد و نەخش‌و وێنەی حەیوان و شتی دیکەشیان لەسەر هەندێکیان هەڵدەکەند. هەیانبوو لە ئاسن بوو، وەك شەکرشکێنێکی لای بەڕێز مەلا ئیبراهیم مەلا محەمەد مەلا ئیبراهیمی کۆیی‌ی عەودالانی کە بەئەسڵ لە (بنەماڵەی ئەفەندی)یە لە سابلاخ. وێنەی دوو تفەنگ لەسەر ڕووەکەی هەڵکەنراوە، لەگەڵ نەخش و نووسینی "ساخت (غریب؟) مبارك باد کردستان سال ١٣٢٣". دیارە لە کوردستان، یانی ساڵی ١٣٢٣ك(١٩٠٥-١٩٠٦) شاری (سنە) دروست کراوە. درێژیی دەمی ئەم شەکرشکێنەی کاك مەلا ئیبراهیم کۆیی (٩,٥ سم) و پانترین جێگای (٦,٥ سم)ە. نووسینەکەیش لەنێوان هەردوو تفەنگەکاندایەو هەر تفەنگێك تەنشتێکەو دەسکەکەی ئاسنە.

www.zheen.org

دروستکردنی (تەقولباب- ئاڵقەڕێز)ی دەرگایش لە کاری تۆکمەچیەکانەو نموونەی زۆر جوانیان دروست کردووەو، جوانترینیان کە بەرچاوم کەوتبێ لە عیراقدا ئەو ئاڵقەڕێزەی دەستکردی ئەحمەدی مەحموودئاغایە لە سلێمانی کە بە دەرگای خانووی پاریزەری کۆن "عەلی مامەشێخە"ی باوکی هەردوو ڕەحمەتی حاکم ئیبراهیمی کوردپەروەر و محەمەدی نەقاش و خۆشنووسەوەیە.

ئەم وەستا زیرەکە مێژووی (١٣٥٢ك-١٩٣٣ )ی لەسەر هەڵکۆڵیوە. وێنەی ئەم تەقولبابەم لە کتێبەکەمدا (بانگەوازێك بۆ ڕووناکبیرانی کورد، ل١٢٢) بڵاوکردووەتەوە. دەوری ساڵی (٢٠٠٠) کاك عوسمانی عەلی مامەشێخە ئەم تەقولبابەی پێشکەش بە مۆزەخانەی سلێمانی کرد.

ساڵی ١٩٩١ کە پتر لە دوو ملیون کورد ئاوارە بوو لەبەر زوڵم و زۆرداریی ڕژێمی بەعس، منیش ئاوارە بووم بۆ مەهاباد. ئیتر فرسەتم بۆ هەڵکەوت زۆر بە چوست‌وچالاکی بکەومە کۆکردنەوەی هەندێك لە کەلەپووری شارستانێتی لە کوردستانی ئێران. تەنیا لە شاری (سنە) توانیم (٥٤٠) وێنەی ئەو کەلەپوورە بگرم، بەتایبەتی هی هونەری بیناسازی و نەخش و نیگاری خانوەکانی (سنە). لە هەندێ دەرگادا دوو جۆرە ئاڵقەڕێزم دەدیت. برای نووسەر و ئازیزم مامۆستا سیرۆسی مەعرووفی لە شاری سنە ١٩٩١ پێی وتم: ئاڵقەڕێزە گەورەکان بۆ پیاوانە و تەنکەکەشی بۆ ژنانە. ئیتر بە هەریەکێك لێ بدرابایە ماڵەکە دەیزانی میوانەکە پیاوە یان ژن. ئەم دوو جۆرە ئاڵقەڕێزە بە دەرگای هەندێ خانووی کۆنی سلێمانیشەوە دەبینرێت. هەروەها تۆکمەچیەکان قوفڵ و کێلوون و کلیل و چاپاڵێو و کەوچکیان لە زەرد دروست دەکرد.

٥- ڕۆژی ٣١ تەمووزی ١٩٩٢ حاجی سەبرییە کۆچی دوایی کردو لە گۆڕستانی شێخ محێدین لەنزیکی گۆڕی سەرداری کوڕی نێژرا. بەبۆنەی پرسەکەیەوە، حەمەئاغا وتبووی: ئەو بارووتەی حاجی سەبرییە کە لە هی هەموان باشتر بوو، دەمانکردە فیشەك بۆ شۆڕشی کورد. حاجی سەبرییە پاش کوژرانی کوڕە گەورەکەی "سەردار" مرد کە مامۆستاو لاوێکی ڕۆشنبیر بوو و

کۆمەڵە شیعرێکیشی هەبوو، لە هەولێر ڕۆژی ١٩٨٨/٦/١٩ کاتێك تاقمێکی تاوانبار چوونە سەر ماڵێك و هەموویان کوشتن. کاك سەردار کەمالیش بە ڕێکەوت لەوێ میوان بوو، ئەویش کوژرا.

٦- مخابن ئەم دەمانچە گرنگەی سنعاتی ڕەواندز لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ دا لەگەڵ زۆر لە شتە عەنتیکەکانی موزەخانەدا تالان کرا. من و کاك ئازاد عەبدولواحید زۆر هەوڵمان دا لێپرسراوان تالانکەرەکان بگرن، بەڵام هیچیان نەکرد.

٧- چەخماخساز شێخ حەسەن شێخ عەبدوڵڵا لە منداڵییەوە لەلای شێخ صاڵحی مامی شاگردیی لە کاری چەخماخسازیدا کردووە لە مەرگەو، لەوێ فێر بووە. کە بووەتە وەستا لە چەندین جێگا چەخماخسازیی کردووە. تەنیا دایك و تاقە خوشکێکی هەبوە. پاش وەفاتکردنی باوکی، بەشداریی لە شۆڕشی شێخ مەحموودی نەمردا کردووەو لە شەڕێکدا ڕەشاشێکی گرتووە و پێشکەشی شێخی کردووە. دوای سالانی سی هاتووەتە شاری سلێمانی. ساڵی ١٩٥٦ بەشداری پێشانگا بووە لە سلێمانی و بە یەکەم دەرچووە لە کاری خۆیداو، موتەسەڕیف عومەر عەلی خەلاتی(٥٠) دیناری کردووە. شێخ حەسەن (١٨٩٢) هاتووەتە دنیاوەو لە (١٩٨٠/٧/٧)دا وەفاتی کردووە. بەڕێز کاك عەبدولکەریم شێخ حەسەن ئەم زانیاریانەی لەبارەی باوکیەوە بۆ نووسیوم، سوپاسی دەکەم.

٨- ڕۆژنامەی (پێشکەوتن، ژ٢٣، ١٩٢٠) نووسیویە: وەستای چەخماخساز "بیلال" خەڵکی (بانە)یەو تەمەنی هەشتا ساڵە و کچێکی چواردە ساڵیی هێناوە. چونکە هیچ پێنەکراوە لەگەڵ کچەکەدا، کچە ڕای کردووە. بەڵام وەستا بیلال کچەکەی گرتووەو بەندی کردووە. واپێدەچێ وەستا بیلال لە سلێمانی بووبێو جیاواز بێ لە وەستا بیلالی شارباژێری.

٩- لەبارەی شێخ لەتیفەوە زانیاریم لەم بەڕێزانە وەرگرتووە: کوڕەکانی شێخ عەبدوڵڵای دانساز و دکتۆر سەعیدی دانساز و شێخ حەمیدی مودەڕریس و، شێخ عوسمان کە زۆر زیرەکە و، کاك فاروقیش کە دەمانچەی لە شێوەی

www.zheen.org

قەڵەمی گیرفاندا دروست دەکردو مرۆڤی پیٚ دەکوژرا. بڕێك بەڵگەنامەم لەبارەی شێخ لەتیفەوە لەلایە، یەکیان نامەیەکی شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستانە. "وسوو ئاغا" زۆر جێگای متمانەی شێخ بووە لەنێو شۆڕشەکەیدا و هەروەهایش مستەفائاغای برای. جارێك وسووئاغا ددانی ژان دەکات. شێخ ئەونامەیە بۆ شێخ لەتیف دەنووسێت کە نوکتەیەکی جنێودارە بۆ وسووئاغاو شێخ لەتیف. شێخی ڕەحمەتی ئەگەرچی شیعری کەم بوو، بەڵام زۆری شیعرەکانی ڕەوان و جوانن و خۆشی نوکتەباز و لەخۆبوردوو بووە. ئەمەیش دێرە شیعرەکەیە:

(وسوو خەریکی دانە، دێتە لاتان        کە دەستێکتان هەیە ئێوەش لەدانا)

مامۆستای نەمر شێخ محەمەدی خاڵ زۆر باسی زیرەکیی شێخ لەتیفی بۆ کردووم. وتی داهێنەر (مبتکر) بوو. ئەگەر کورد دەوڵەتی هەبوایە، پەیکەرێکی بۆ دروست دەکرد. مرۆڤێکی کوردپەروەر و بەڕەوشت بوو. لە هەمووشتێکدا زیرەك بوو، تەنیا لە خوێندندا نەبیٚ، چونکە نەبوە مەلایەکی زانا. شێخ لەتیف لە سەرکردەکانی حزبی (برایەتی) بوو، لەبەرئەوە گیراوە. ڕۆژی (١٩٤٨/٥/١٨) کۆچی دوایی کردووە.

* زۆر سوپاسی خوشکی کوردپەروەر خاتوو ڕزگار خانی کچی خاڵە حەسەن دالاش دەکەم کە بۆ جاری دووەم بیٚ دواکەوتن وێنەیەکی تری باوکیی بۆ هێنامەوە، دوای ئەوەی هی یەکەمیان لەناو کتێبەکانمدا ون بوو. ئەوە نیشانەی وەفادارییەتی بۆ باوکی. بەڵام کوڕی شێخ حەسەنی شێخ عەبدوڵڵا کە نووسەریشە، چەندین جار داوای وێنەی باوکیم لیٚ کردووەو گفتی داوە. هەتا لەبەر بێبەڵێنیی وەڕز بوومو وازم هێنا. ئەوەیش بەڵگەی بێوەفاییەتی بۆ باوکی. بە تاقیکردنەوە بۆ دەرکەوتووە، ئەوانەی چەندین جار داوای زانیاریم لەبارەی باوكو باپیریانەوە لیٚ کردوون، ٨٥ ٪یان بێبەڵێن بوون؛ وەفادارانیش بۆ باوكو باپیریان زۆر کەمنو، ئەمەیش دەردێکی

www.zbeen.org

مێـژوونووس یـا نووسـەری کـوردە. لـە کوردەواریـشدا بـاوە کـە: کـچ لـە کـوڕ بەوەفاترە بۆ دایكو باوکی!


سەرچاوەکان:

١. عبدالـسلام مـاردینی، تـاریخ مـاردین. دانـەیێکی وێنـەگیراوە لەسـەر دانـە دەستنووسەکەی (دار الكتب) لە قاهیرە.

٢. ابن خلدون، العبر و دیوان المبتداء و الخبر.

٣. احمد راسم، عثمانلی تاریخی. بە تورکی، چاپی استنبول ١٣٣٠.

٤. احمـد الـسعید سلیمان، تـاریخ الـدول الاسـلامیة ومعجـم الأسـرات الحاکمـة، القاهرة، ١٩٧٢.

٥. ئەولیا چەلەبی، سیاحەتنامە، سەعید ناکام لـە تـورکی‌یـەوە وەریگێـراوە بـۆ کوردی، بەغدا، ١٩٧٩.

٦. جورجی زیدان، تاریخ التمدن الاسلامی.

٧. حـسین حـوزنی موکریـانی، مـوجز تـاریخ امـراء سـوران، وەرطێرانـی محمـد الملا عبدالکریم.

٨. ریـچ "کولودیـوس جمـیس ریـچ"، رحلـة ریـچ، ترجمـة بهـاء الـدین نـوری، بغداد، ١٩٥١.

٩. شـرفخانی بدلیـسی، شـەرەفنامە. دانـەی دەسـتخەتی دانـەر لـە نامەخانـەی بودلیان، نمره ٣١٢.


بنکەی ژین
www.zheen.org

١٠. شرفخان، شەرەفنامە، وەرگێڕی هەژار موکریانی، بەغدا، ١٩٧٢.

١١. عباس العزاوی، تاریخ العراق بین احتلالین.

١٢. عەبـدولڕحیمی سـابلاغی"وەفـایی"، تحفـە المـردین. بەدەسـتەخەتی ماموستام ڕەحمەتی قازی محەمەدی خضریی شنۆیی.

١٣. محمدامین زکی، تاریخ الکرد و کردستان، وەگێڕی محمد علی عونی، ١٩٣٩.

١٤. محمد مردوخ، تاریخ مردوخ، بە زمانی فارسی.

١٥. "ڕۆشنبیری نوێ" (گۆڤار).

١٦. "عیراقی نوێ" (گۆڤار).

بنکەی ژین
www.zheen.org